هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 41

سالّی/ 2007 – بەرگی چل و یەك

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2007

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/5/30 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/6/4 ل71

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/6/5 ل105

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/6/11 ل135

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/6/13 ل139

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/6/18 ل167

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/6/19 ل171

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/6/26 ل203

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/6/27 ل241

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/2 ل253

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/7/4 ل315

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/9 ل365

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/17 ل455

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/7/18 ل501

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/23 ل569

ماددەی (6)

یەكەم: دانانی پەیڕەوی ناوخۆو هەیكەلی ڕێكخراوەیی وەزارەت بەجۆرێك ئامانجەكانی لە بەڕێوەبردنی پێشمەرگەو جێبەجێ كردنی ئەركەكانی و پاراستن و زێرەڤانی هەرێم بەرگریكردن لێی بهێنێتە دی.

دووەم: ئەرك‌و پسپۆڕایەتی‌و دەسەلأت وئەركی دامەزراوەكانی وەزارەت.

ماددەی(7): دانی پلەكانی سەربازی بەپێی یاساكانی پەیڕەوكراوەوە دەبێ.

ماددەی (8)

یەكەم: لەكاتی پێویستیدا وەزیر مافی ئەوەی هەیە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی وبەش و هۆبەكان كە لەناو دامەزراوەكانی وەزارەتدان، نوێیانبكاتەوە یان یەكیان بخات ویان هەڵیانبوەشێنێتەوە بە پێی پێداویستی كارەكان.

دووەم: وەزیر مافی دەركردنی ڕێنماییەكانی پێویستی هەیە بۆ ئاسانكردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

ماددەی (9): یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی ژمارە (5)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوەو ئەم یاسایە شوێنی دەگرێتەوە.

ماددەی (10): كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی ژمارە (1)ی ساڵی 2005و هەمواركراوەكانی.

ماددەی (11): پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەكانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی (12): ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچونیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.

هۆیەكانی دەركردنی

لەبەر پێویستی هەرێم بۆ هێزەكانی نیزامی بۆ زێرەڤانی هەرێم و بەرگریكردن لێی ومسۆگەركردنی بەرژەوەندیە نیشتیمانیی و نەتەوەییەكانی وقوڵكردنەوەی دەزگاكانی حكومەتی دیموكراتی و مەدەنی تێیداو پشتگیری كردن‌و هاوبەشیكردنی هێزەكانی چەكدار بۆ حكومەتی عێراقی فیدڕالی لەكاتی پێویستی داواكردندا، ئەم یاسایە دەركرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەكەین، بۆ ئەوەی راپۆرتیان لە وەختێكی كورتدا ئامادە بكەن، خاڵی سێیەم لەبەرنامەی كارمان خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای سندوقی پیشتگیری و هاوكاری خانەوادەی شەهیدان. كاك كەریم بحری فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پشت به حوكمی برگەی (1)ی ماددەی (56)لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی (13)ی رۆژی ( / / )یدا،بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007**

**یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و**

**ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا .**

1- **هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.**

2- **حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

3- **وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان.**

4- **سندوق: سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی .**

**بەشی دووەم**

**ئامانج و پرەنسیپەکان**

**مادەی دووەم: سندوق ئامانجی هێنانەدی ئەو ئامانج و پرەنسیپانەی خوارەوەیە:**

1 - **لێکۆڵینەوەو بەڵگەکردنی لایەنەکانی ئابووری و پەروەردەیی و رۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەلایەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی بۆدڵنیاکردنی پێداویستیە دارایەکان بۆ چاکردنی بارودۆخەکانی ژیانی و ژیاریی.**

2- **پێشنیازکردن و دانانی پلانی پرۆژە و پرۆگرامەکان بۆ بەهەند وەرگرتنی بێکاران لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن.**

3- **کردنەوەی خولی ئامادەکاری ڕاهێنان بۆ کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی لەوانەی کە خاوەن بڕوانامەنین، بۆ ئەوەی فێری کارو پیشەیان بکەین و بەهرەو تواناو شارەزایەکانیان بەهێز بکرێ بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانیان وەربگیرێ لە بووژانەوەو پەرەپێدانی ئابووری هەرێمدا.**

4- **پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاسانکاری پێویست بۆ چارەسەر کردنی پەککەوتەو نەخۆشیە درێژخایەنەکان چ لە ناوەوەی هەرێم و چ لە دەرەوەدا.**

5- كردنەوەی خانەی بە ساڵاچوان و پەككەوتەكان و دابینكردنی هەموو پێداویستیەكانیان بۆ مسۆگەر كردنی ژیانێكی شكۆمەندانە بۆیان.

6- پێدانی سولفەی بێ سوو بۆئەوانەی نیازی هاوسەرگیریان هەیە،بە قیستی مانگانە،بە مەرجێك سولفەكە لە (2000000) دوو ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕنەكات بۆ تەنیا یەك جار.

7- كردنەوەی سەنتەری زانستی و ڕۆشنبیری بۆ پێشخستنی توانای لاو وقوتابیان لە كەس وكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان و قوربانیانی چەكی كیمیاوی و دابین كردنی هەموو پێداویستیەكانیان بۆ ئەم مەبەستە.

8- بەهێز كردنی پەیوەندیەكان لەگەڵ دەزگاكانی حكومەت و كۆمپانیا و ریكخراو وئەنجومەنەكانی خێرخوازی، بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزایی تواناكانیان لەم مەیدانەدا.

9- كۆكردنەوەی بەخشش و كۆمەك ویارمەتیەكان لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

بەشی سێیەم – پێكهاتەكانی سندوق

ماددەی سێیەم: دەستەیەكی ڕاوێژكاری سندوق بەرێوەدەبەن بە سەرۆكایەتی وەزیر و لە (7) ئەندام پێك دێت، چواریان لە گەورە فەرمانبەرانی وەزارەت و وەزیر هەڵیان دەبژێرێ، (3) سێیانیش لە نێوان بەشداران و بەخششكاران كە هەر بەشداران و بەخششكاران بۆماوەی سێ ساڵ هەڵیان دەبژێرن. كە یەك جار نوێ دەكرێتەوە.

ماددەی چوارەم:

یەكەم: دەستەی راوێژكاری دەسەڵاتێكی باڵای سندوقەو لە پێناوی ئەوەدا ئەم تایبەتمەنیانەی خوارەوەی هەیە:

1- دانانی سیاسەتی گشتی سندوق و دانانی پلان و پرۆگرامەكان بۆ جێ بەجێ كردنی.

2- دانانی بنەمای دارایی و رێوشوێنەكانی باوی ژمێریاری.

3- مۆر كردنی گرێبەست و رێكەوتنەكانی پەیوەندیدار بە گرنگیە كانی سندوق.

4- بەخشینی پاداشت بۆ ئەو كەسانەی كار دەكەن بۆبەرزكردنەوەی كەسایەتی سندوق و دوور خستنەوەی زەرەرمەندی لێی.

دووەم: لە كاتی پێویسدا و بەپێی پێداویستیەكانی كاری سندوق دەستە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بە سەرۆك بسپێرێ.

ماددەی پێنجەم:

یەكەم: لەسەر بانگێشەی سەرۆك، دەستە بەلای كەمی مانگی جارێك كۆدەبێتەوەو بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەكانی رادەكەی تەواو دەبێ.

دووەم: بڕیارەكانی دەستە دەخرێنە بەردەمی وەزیر بۆ پەسندكردنی لە ماوەی (10) دە ڕۆژدا لە ڕێكەوتی تۆماركردنی لە وەزارەتدا وئەو بڕیارانەی لەم ماوەیەدا ناڕەزایی بەرامبەریان دەرنەبڕدرێ، جێبەجێ دەكرێن.

**ماددەی شەشەم: لیژنەیەکی چاودێری لە نێوان بەشداران وبەخشکاران و وەزارەت دادەمەزرێ ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ.**

1- **چاودێریکردنی پرۆژەکانی لە جێبەجێکردندان ولایەنەکانی سەرفکردن.**

2- **پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دەوری ونیوە ساڵی بۆ وەزیر دەربارەی کارەکانی سندوق.**

**بەشی چوارەم**

**دارایی سندوق**

**ماددەی حەوتەم: دارایی سندوق لەمانە پێك دێت:**

1- **بەخشش و دیاریەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

2- **بەخشش و دیاریەکانی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.**

3- **بەخشش و یارمەتیەکانی کە حکومەتی هەرێم وەکو پشکداریەك بۆ پشتگیری کردنی سندوق پێشکەشی دەکات.**

4- **ئەو بڕە پارانەی پشکداران و بەخششکاران هاوبەشی تێدادەکەن.**

5- **ئەو بەخششانەی کە دەزگاو ڕێکخراوو کۆمپانیاو ئەنجومەنەکانی خێرخوازی وڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم دەیبەخشن.**

6- **زەکات.**

**بەشی پێنجەم**

**حوکمە گشتیەکان**

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم: کارمەندانی دەستەی سندوق دادەمەزرێن وموووچەکانیان بەپیێ ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت دەریدەکات دیاریدەکرێت.**

**دووەم: ئەنجومەنی کارگێڕی بۆی هەیە لقەکانی سندوق لە پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.**

**ماددەی نۆیەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**ماددەی دەیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجیٚکردنی حوکمەکای ئەم یاسایە.**

**ماددەی یازدەم: لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقائعی کوردستان) کار بەم یاسایە دەکرێت.**

**هۆیەکانی دەرکردنی**

**شەهیدان وئەنفالکراوەکانو قوربانیانی چەکی کیمیایی، قوربانی گەورەیان بەگیانو بەخوێنیان لە ڕێگای ڕزگاری کوردستانی عێراق داوەو ئەو دەزگا یاساییانەی ئەمڕۆمان بەری ئەو ڕەنجوقوربانییانەیەو لە**

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 45

ساڵی/ 2007 – بەرگی چل و پێنج

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2008

# پێریست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/9 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/10 ل65

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/11 ل165

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/12 ل277

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/17 ل311

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (36) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/26 ل325

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (37) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/12/27 ل383

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (38) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/12/30 ل429

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (39) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/31 ل577

ئێمە ئەو هەڵوێستە وەردەگرین بەرەو کوێ، ئەوە هین نییە، دەڵێی ئەمریکا تورکیا حەلیفیەتی، ئێمە بەرەو کوێ و ئەوانە، خۆ تورکیا دوژمنمان نییە، نامانەوێت دوژمنمان بێت راستیەکەی، خۆشتان نوێنەرتان هەیە لەوێ، کەس داوای دوژمنایەتی تورکیای نەکردووە، بە حەقیقەت بە پێچەوانەوە، ئێمە دەمانەوێت ئەمریکا هاوکار بێت بۆ تورکیا زیاتر لە وەزعی ئێمە تێبگات، زیاتر قبولی فیدراڵی کوردستان بکات، زیاتر بە رێگای دیبلۆماسیەت و دیالۆك چارەسەری کێشەکان بکاتن بە کێشەی یەکەکەوەو نامانەوێت خۆمان بخەینە زاویەیەك، یان ئێمە، یان تورکیا، ئێمە دەمانەوێت ئێمەو تورکیاو ئەمریکا هەموو هێزەکانی هاوپەیمان لە دنیادا بگەینە نەتیجەیەك بە رێز گرتن لە یەك بە تەدەخول نەکردن لە کاروباری یەکتر، بە رێگای دیالۆك چارەسەری کێشەمان بکەین، من یەك شت دەڵێم بەرنامەی کار وایە، حەوت خاڵمان هەیە، داوایان کردووە دەڵێن پشووی ئەوە نەکەن، هەتا حەوت خاڵەکە تەواو نەکەین ناکرێتن، ئەوجا لەبەر ئەوە حیسابی ئەوە بکەن پێشی کۆتایی ساڵ، بەڵێ کوێستان خان نوقتەی نیزامی،فەرموو کاکە حەمە.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش خەڵك منی ناردووە بۆ ئێرە، خۆ من بە تەنیا نەهاتووم بۆ ئێرە، ئەوە یەك، مەسەلەی تر من دەڵێم لەگەڵ گفتوگۆ داین چارەسەرەکان بە گفتوگۆ بکرێت، ئێمە دائیمەن لەسەر هەموو لایەك، بەلأم من پرسیارەکەم ئەوە بوو، کە بۆ ئێمە نەمانتوانیوە پێش ئەوەی کە شتەکە روودەدات زوو بە دەنگیەوە بچین، زوو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە بەرنامەی کار پێش چاوخستنی دوا گۆڕانکاریەکانی بارودوخ نووسراوە، نەك گفتوگۆ، لەبەر ئەوە دەبوایە ئەو دەرگایە نەکرێتەوەو گفتوگۆ نەکرێت، مەسەلەی پشووی پەرلەمانیش ئەوە داوای لێبووردن دەکەم، دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئێمە یەك شەم و دوو شەمیشمان لە پێشە، ئەمڕۆ (27)ی مانگە، (28، 29، 30، 31) بەس یەك شەممان لە پێشە، ئینجا ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، تا یەك شەمە ئێمە چی دەکەین، بە هەر حاڵ ئەگەر ئیجازەم بدەن بچمە خاڵی دووەمی بەرنامەی کار، ئەگەر شتێکی زۆر گرنگتان نەبێت، وەکو کوێستان خان گوتی نوقتەی نیزامیەکەی راست دەکات، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی دووش، لەبەر هەستیاری وەزعەکەو ئەو وەزعەی کە هەیە، پێمان باشە ئەو خاڵە دوا بخەین بۆ دوای پشووەکەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی کوێستان خان زۆر راست بوو، دەڵێت ئەمە گفتوگۆ کردن نییە، پێش چاوخستنیەتی، منیش شەرحم بۆ کردن، هەندێ پرسیار کرا، لێرەوە کاك فرسەت دەڵێ خیلافی نیزامە، زۆر سوپاس، ئەوە قسەمان لەسەر وەزعەکە کردو بەرنامەکەمان کە پێویست کرا بە گفتوگۆ جەلسەیەکمان بۆ تەرخان دەکرد، بەلأم نووسراوە پێش چاوخستنی، یەعنی سەرۆکایەتی هەندێك شتتان بۆ باس دەکات، زۆر سوپاستان دەکەم.

خاڵی دووەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پاسەوانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە. ئینجا فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی دووش، لەبەر هەستیاری وەزعەکەو ئەو وەزعەی کە هەیە، مەسەلەی تورکیا هەیەو مەسەلەی ماددەی 140مان تاخیر کردووە، وەکو فراکسیۆنی سەوز داوا دەکەین ئەوە بخرێتە دوای پشووەکە، کاتی ئەوە نییە ئێمە باسی شتە تایبەتیەکانی خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی کوێستان خان دەکەم، منیش دەڵێم ئێستا کاتی ئەوە نییە ئەو جۆرە ماددانە موناقشە بکرێت، دوا بخرێت بۆ کاتێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی هەردوو بەڕێز دەخەمە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ئەو خاڵە دوا بخرێتن بۆ دوای پشوو، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ دواخرا بۆ دوای پشوو.

خاڵی سێیەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم)، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە. کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە بە حەقیقەت جەنابتان دەزانن دوای تەواو بوونی جەلسەی دوێنێ، كە تایبەت بوو بە مەلەسەی تەمدیدی ماددەی 140 بەڕاستی كاتەكە كافی نەبوو، بۆ ئەوەی هەردوو وەزیری بەڕێز بۆ كۆبوونەوەی ئەمڕۆ ئامادە بن، لەبەر ئەوە نزیك نەبوون، لەبەر ئەوە ئێمە پەیوەندیمان پێ كردن، ئەوان تەبیعی داوایان كرد كە لە ڕێگەی ئێمە ئیعتیزار بۆ ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆكایەتی، یەعنی ئیعتیزار بخوازین بۆ ئەوەی كە ناتوانن ئامادە بن، داوایان كرد ئەگەر بكرێت بۆ جەلسەی داهاتوو ڕۆژی یەك شەممە هەردوو وەزیر لێرە ئامادە دەبن بۆ موناقەشە كردنی پرۆژەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوای حكومەت ئەوەیە، كە ئەو خاڵە دوابكەوێت لەبەر ئەوەی هەردوو وەزیر ناتوانن بەشداری بكەن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو خاڵەش دوابخەین دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كار دواخرا.

خاڵی چوارەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای صندوقی پشتگیری و هاوكاری خانەوادەی شەهیدان لە هەرێمی كوردستان – عێراق كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان پێشكەش كراوە.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، داوای لێبووردن دەكەم، وامزانی بەخێرهاتنم كردووە، زۆر بەخێر بێت خاتوو چنار وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، كە لەگەڵمان بەشدارن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم خاڵ بە خاڵ پرۆژەكە بخوێننەوەو ڕەئی خۆشیان لەسەری بدەن، بەڵێ خاتوو چنار دەیەوێت هەندێك قسە بكات، فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاستان دەكەین بۆ ئەو دانیشتنەو دەرفەت ڕەخساندن، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە موناقشە بكرێت، من دەمەوێت بەر لەوەی بچینە ناو وردەكاریەكانی ناو موناقشە، ئەگەر ئیجازەم بدەن بە چەند خاڵێك هەندێك تەوزیح لەسەر ئەو پرۆژەیە بدەم، چونكە ڕەنگە هەندێك لە برادەران تەعلیقیان هەبێت لەسەر پرۆژەكە، سەبارەت بەو پرۆژەیە، ئامانج لەو پرۆژەیە چیە؟ تەبعەن پێموایە هەموویان، برادەران و خوشكان لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو زانیاریەیان هەیە، كە پاش ئەوەی ئەو كارەساتانەی بەسەر كورد داهات، چ وێرانەیەك كوردستان ڕووبەڕووی بۆتەوە تا ئێستا، چەند خانەوادەمان هەیە كە ئەمڕۆكە پێویستیان بە دەستی هاوكاری كردنە، تەبعەن هەمووشمان ڕاستە دەزانین كە حكومەتی كوردستان میزانیەكی بۆ تەخصیص كراوە، ئەو میزانیە بڕێكی كەم نییە، بەڵام كە موقارەنەی دەكەین لەگەڵ ڕێژەی ئەو وێرانەی كە بەسەر خەڵكی كوردستاندا هاتووە دەتوانین بڵێین كە كافی نییە، بۆ ئەوەی تەرمیمی هەموو برینەكان بكەین، كە ئێمە ڕۆژانە لە دەستی ئازار دەكێشین، تەبعەن ئێمە بە دوای سەرچاوەی دارایی دەگەڕێین، سەرچاوەی دارایی لە دەرەوە، كە مونەزەمات دێت سەردانمان دەكات، بۆ ئەوەی دەستی

هاوكاريمان بۆ درێژ بكەن، ئێمەش سوپاسیان دەكەین، تەبعەن ئەوە لە رووی ئینسانی و لە رووی خێرخوازییە، بەلاّم لە بوارێكیش ئێمە ئاوڕ لە خۆمان بدەینەوە، یەعنی خۆمان هەوڵ بدەین قەناتێكی مالی لەناو خۆمان دابین بكەین، جگە لەو میزانیەی كە حكومەت دابینی كردووە، ئەوەیە كە روحیەتێك دروست بكەین، كلتورێك، فەرهەنگێك لەناو كوردستان بێنینە كایە خۆمان هاوكاری یەكتر بكەین، خۆمان هاوكاری قوربانیان بكەین، جا چ تووشی كارەسات دەبین، یان تووشی وێرانە دەبین، یان تووشی لافاو دەبین، یان تووشی حادیسەی ئەوها دەبین بە كۆمەڵ كوژی رووبەڕوومان دەبێتەوە، هەدەف لەو صندوقە ئەوەیە كە سەرچاوەیەكی تری مالی پەیدا بكەین، جگە لەو سەرچاوانەی كە هەمانە، تەبعەن پێموایە هیچ زەرەری تێدا نییە، ئێمە بتوانین هاوكاری كەسوكاری خۆمان بكەین، من دەمەوێت تەقریرێكتان بدەمێ، بۆ ئەوەی مەسەلەكە زیاتر بەرچاو روونی بدەمە جەنابتان، تەبعەن لە ماوەی سالْی 2007/1/1 تا ئێستا كە مانگی (12)یە، نیهایەتی سالْی (2007)ـە زیاتر لە (2304) كەس موڕاجەعەی ئێمەی كردووە لە وەزارەت، (646) كەس داوای هاوكاری لە ئێمەی كردووە، تەبعەن یەعنی كە زۆرینەیە، ژمارەیەكیان كێشەی كۆمەلاّیەتیان هەبووە، كێشەی قانونیان هەبووە، بەلاّم (646) كەسیان داوای هاوكاری دەكات، هاوكاری بۆ سەكەن، هاوكاری بۆ موعالەجە، هاوكاری بۆ چارەسەر كردن و هەموو ئەوانە، تەبعەن ئەوە بەدەرە لە مەعاشاتی كە دەیدەین، بەدەرە لە كۆمەلێك ئیمتیازاتی دیكە كە دەیدەین، ئەوان پێداویستی تریان هەیە، ئەو مەعاشە چارەسەری كێشەی ئەوان ناكات، جگە لەوەی لە رێگەی قەناتی خێرخوازی ئێمە هاوكاریمان كردووە، موتەئەكیدم كە پەرلەمان سەرچاوەكانی دیكە، وەزارەتەكانی دیكە، دامودەزگاكانی تر، دامودەزگای حزبیش، خەلْك پشتیان پێ دەبەستێت و سەردانیان دەكات بۆ هاوكاری كردن، جا بۆ ئەوەی ئێمە سەرچاوەیەك زامن بكەین، بتوانین بەڕاستی ئێمە سەرمایەی زۆر چاكمان هەیە لە كوردستان، ئەوانیش وەكو روحێكی نیشتمانی زۆر زەرورە ئەمڕۆكە بێن تەقدیمی واجیباتی خۆیان بكەن، باشە ئەوان كە ئەمڕۆكە سەروەت و سامانیان هەیە، ئەوە لە نەتیجەی ئارامی و ئاسایشی ئەو ولاّتە نییە بەدەستیان هێناوە، لە نەتیجەی ئەوە نییە كۆمەلّە كەسێك بۆتە قوربانی، ئەوان ئەمڕۆكە لە ئاشتی و ئارامی سەروەتەكانی خۆیان زیاد دەكەن، كەواتە واجیبێكی نیشتمانی لەسەر هەموومانە، بۆ ئەوەی بێین تەمویلی ئەو صندوقە بكەین لە رووە ئینسانیەكەی، لە رووە نیشتمانیەكەی، لە رووە ئاینیەكەش، زۆربەی سەرمایەدارانی ئێمە زەكات دەدەن، زۆربەی ئەوان خێر دەكەن، باشە چ فەرق دەكات ئێمە هەزاران بێوەژنمان هەیە، هەزاران منالّی شەهیدمان هەیە، هەزاران پیرەژن و دایك و باوكی ئەنفالمان هەیە پەككەوتەنە پێویستیان بە هاوكارییە، كیمیابارانمان هەیە پێویستیان بە موعالەجەیە، با بێن لە رێگەی تەمویل كردنی ئەو صندوقە، با بێن زەكاتەكانیان، پارەكانیان بخەنە ناوی، بۆ ئەوەی ئێمە موساعەدەیان بكەین، تەبعەن ئەو صندوقە وەكو لە پرۆژەكە دەست نیشان كراوە، نوێنەرایەتی ئەو كەسانەی كە تەمویلیشی دەكەن تێیدایە، بۆ ئەوەی شەفافیەت هەبێت لە سەرف كردنی، بۆ ئەوەی ئیشەكانیش هەمووی

ئیعلان دەکەین و نیشانی خەڵك دەدەین، بۆ ئەوەی خەڵك قەت تەڕەدوود لەوەی کە ئەو پارەیەی دەگاتە دەست خەڵکی پێویست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە، فەرموو لیژنەی قانونی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای صندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

3- وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

4- سندوق: سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مشروع قانون صندوق دعم ومساعدات عوائل الشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكمياوية**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة الاولى: يقصد بالتعاريف التالية المعاني المؤشرة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الحكومة: حكومة اقليم كوردستان.

3- الوزارة: وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين لاقليم كوردستان.

4- الصندوق: صندوق دعم ومساعدات عوائل الشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكمياوية.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی لیژنەی یاسایی.

لیژنە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتگیری خۆی دەردەبڕێو پێشنیاز دەکات دیباجەیەکی بۆ دابڕێژرێو زنجیرە ڕەنووسەکانی بکرێن بەنووسین و هەمان شێوازی بەکارهاتوو لە یاساکاریی یاساکانو بڕیارەکانی کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراقەوە دەرچوێنراون پەیڕەو بکرێ.

هەروەها لیژنە پێشنیار دەکات یاساکە ناوبنرێ {یاسای سندوقی پشتگیریی و هاوکاری کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا}. تاکو ناوەکە هاوجووت بێ لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەوەی لە ماددەی حەوتەم (دووەم/8)ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ژمارە 9ی ساڵی 2007دا بگونجێ.

*1*- ئەوەی پەیوەندی بەماددەی یەکەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێ:

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:

یەکەم- هەرێم: هەرێمی کوردستان –عێراق.

دووەم- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێیەم- وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان.

چوارەم- وەزیر: وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

پێنجەم- سندوق: سندوقی پشتگیریو هاوکاری بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی جینۆساید.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بە عەرەبیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ان اللجنة تؤيد المشروع مبدئياً وتقترح صياغة ديباجة له وتبديل التسلسلات الرقمية بالكتابية واتباع نفس الاسلوب المتبع في تشريع القوانين والقرارات من قبل المجلس الوطني لكوردستان –العراق.

كما وتقترح اللجنة تسمية القانون بـ{قانون صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية (الجينوسايد) في اقليم كوردستان - العراق لتكون التسمية منسجمة ومتطابقة مع تنفيذ ما ورد في المادة السابعة (ثانياً/8 من قانون حقوق وامتيازات ذوي الشهداء والمؤنفلين رقم 9 لسنة 2007)}

*1*- فيما يتعلق بالمادة الاولى تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

أولاً: الاقليم: اقليم كوردستان –العراق.

ثانياً: الحكومة: حكومة اقليم كوردستان.

ثالثاً: الوزارة: وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين لاقليم كوردستان.

رابعاً: الوزير: وزير شؤون الشهداء والمؤنفلين.

خامساً الصندوق: صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا الإبادة الجماعية (الجينوسايد).

ئەوەی پوختەی بۆچوونی لیژنەی یاساییە لە مەڕ ماددەی یەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە ئێستا موفتەرەحی لیژنەی یاسایی ئەوەی یەکەم عینوانی یاسایەکە بگۆڕدرێت، پێشتر باسی عەوائیلی شەهیدان کراوە، لێرە دەڵێ (ذوي الشهداء) لە (ضحايا الاسلحة الكمياوية) دەڵێ (ضحايا جينوسايد) ئیبادەش جینۆسایدە، لە ماددەی یەکەمیشدا وەزیر ئیزافە کراوە پێشتر نەبوو، وابزانم لەگەڵ هەموو یاسایەکانی تردا دەگونجێتن، ئەگەر کەس مولاحەزەی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، مولاحەزەتان هەیە، جەنابی وەزیر موافیقە لەگەڵ لیژنەی یاسایی، واتا رێککەوتوون، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی من لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەم هەنگاوە، پێویستە هەموو کەسێك هەر کارێك دەکرێت کە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بێت پشتیوانی لێ بکات، بەلاّم من تێبینیەکی تایبەتیم هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، بەحەقیقەت لە بیدایەتی دروست بوونی وەزارەتی شەهیدو ئەنفال من ئەم تێبینیەی خۆم خستەڕوو، ئێستاش پاش ئەوە تەقریبەن دوو ساڵ، دەمەوێت ئەو راستیەی کە ئەوسا باسم کردووە، ئێستا تەئکیدی لەسەر بکەمەوە، ئێمە هەتا کێشەی شەهیدو ئەنفال و لێقەوماوانی کوردستان ببەستین بە وەزارەتەوە بە هیچ شێوەیە چاوەڕێی ئەوە مەکە لە دەرەوە کەس یارمەتی بدات، چونکە قانونێك هەیە، ئەو کەسانەی کە یارمەتی لێقەوماوان دەدەن، بەڕاستی یارمەتی حکومەت نادەن، یارمەتی وەزارەت نادەن، یارمەتی ئەحزابی سیاسی نادەن، یارمەتی مونەزەماتی چەکداری نادەن، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێت تەنها ئیعتیماد بکەینە سەر خۆمان، خۆمان ناتوانین وەکو پێویست بەو کارە هەڵستین، لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من ئەگەر ئەو صندوقە ببەسترێت بە ئیشێکی ترەوە، بە کۆمەڵێکی ترەوە لە دەرەوەی وەزارەت، لەوانەیە بتوانین.

دووەم/ لە ماوەی ئەم دوو ساڵە چیمان کردووە، پەیوەندیمان بە چەند مونەزەماتی خەیریمان کردووە، پەیوەندیمان بە چەند کەسێکەوە هەیە لە عالەمدا، ئەمانە خەڵکێکن یارمەتی دەدەن، من میسالێکی بچووکتان بۆ دەهێنمەوە، ئەگەر واقیعەکە بخەینە بەردەم خەڵك هەیە یارمەتی بدات، ئەمڕۆ لە (MBC) عائیلەیەکن دوو منداڵیان بووە کچ و کوڕێك، هەردووکیان موشکیلەی گوێیان هەیە، یەعنی وەکو پێویست نابیستن، ئەم مەوزوعە تەرح کراوە، یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا ئیقتیراحی ئەوەی کردووە دەڵێ من چارەسەری ئەم دوانە دەکەم، هەردووکی بردووە بۆ نەخۆشخانەی تایبەتی، تەبیعی فەحصێکی زۆر چاکیان کردوون، ئەم کابرایە مەساریفی چاك کردنی ئەم دوو منداڵەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، تەنها ئەو دوو جیهازەی کە کراوە بۆ گوێیان هەر یەکەیان بە هەشت هەزار دۆلار بووە، یەعنی ئەم کابرایە ئیستیعدادی ئەوەی هەبووەو ئیستیعدادی ئەوەی هەیە، کە یارمەتی خەڵکێك لەو بابەتە بدات، ئێمە بە

هەزاران كێشەی وامان هەیە، تا ئێستا پەیوەندیمان بەكوێ كردووە؟ لە دەرەوە خەڵكێك هەیە پێیان دەوترێت ئەمانە برۆكەرن، یەعنی خەڵكێكن ئیش وەكو دەلاڵ ئیش دەكەن پەیوەندی بە خەڵكەوە دەكەن، ئەوانەی كە یارمەتی دەدەن، ئەگەر ئێمە ئەم مەوزوعی صندوقە ببەستین لە دەرەوەی وەزارەت دروستی بكەین، لەوانەیە بتوانین بۆ ئەو صندوقە یارمەتی پەیدا بكەین، لەبەر ئەوە من رجام هەیە با بە عاتیفە ئیش نەكەین لەسەر واقیع و بنەما ئیش بكەین، بتوانین ئیستیفادە لەو خەڵكە بكەین كە لە دەرەوە بە هەزاران هەیە، من لیستم هەیە دەتوانم ئەو لیستە بخەمە بەردەمی پەرلەمان بە هەزاران كەس ساڵانە بە ملیۆن دۆلار تەبەروع دەكەن بۆ شتی خەیری، مەسەلەی شەهیدو ئەنفال و لیقەوماوانی ئەنفال، بەڕاستی كارێكی زۆر زۆر لەبارە كە خەڵك یارمەتی بدات، بەس بزانین ئێمە چۆن داوای یارمەتی دەكەین؟ وەكو گوتم ئەگەر سەیری قانونی ئەوانە بكەین، ئەوانە یارمەتی حكومەت و وەزارەت نادەن، لەبەر ئەوەی تكام وایە ئەم مەوزوعە با تۆزێك زیاتر فیكری لێ بكەینەوە لەسەر بنەمایەكی واقیع چارەسەرێكی مەعقولی بۆ بكەین، بۆ ئەوەی بێ بەش نەبین لەو خەڵكانەی كە یارمەتی ئەم چەشنە كارانە دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئیەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، كە پێویستە ناوی یاسایەكە لەگەڵ ناوەڕۆكەكە گونجاو بێت، ماددەی یەكەمیش ماددەی پێناسەیە، لێرە هەیئە شەش جار ناوی هاتووە لە یاسایەكە پێناسە نەكراوە، ئەگەرچی لە ماددەی چوار پێناسەیەكی بۆ كراوە، بۆیە پێم باشە لە ماددەی یەك هەیئە پێناسەی بكرێت، هەیئە ناوی نەهاتووە لە پێناسەكان، شەش جاریش ناوی هاتووە، ماددەی یەكەمیش ماددەی پێناسەیە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەكەم هەیئە پێناسە بكرێت لە ماددەی یەك، ئەگەرچی پێناسەیەكی بۆ هاتووە لە ماددەی چواردا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خاڵی چوارەم خەڵك وا تێدەگات تەنها حكومەت بۆی هەیە هاوكاری بكات، ئەگەر بێتو بگوترێت هاوكاری دەكرێت لە لایەن سەرمایەداران و كۆمپانیاو رێكخراوە خێرخوازەكان لە ناوەوەو لە دەرەوە، واتا لە تەعریفەكە وا بگوترێت، لە تەعریفی صندوق بگوترێت كێ بۆی هەیە هاوكاری ئەو صندوقە بكات؟ لە تەعریفەكە ئەو ئیزافەیە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو خاڵم هەیە، خاڵی یەكەمیان/ پشتگیری كاك جەمال دەكەم، بەڕاستی ئێمە تەجروبەیەكیشمان هەیە لە عەمەلی خەیریدا، یەعنی موقابیل موتەبەریع هەر جۆرە هەستێك بكات رەبتی ئەمە بە حكومەتەوە، بە حزبەوە، بە هەر شتێك، یەعنی پشتی تێ دەكات، ئینجا ئەمە رێگە گرتن دەبێت لە كاری ئەهلی، لە خزمەتگوزاری ئەهلی، لە خێرخوازی ئەهلی، یەعنی وا دەكەین كە ئیتر خەڵك ئەو ئیشانە نەكات، بە پێچەوانەوە ئێمە دوو كاریسەی زۆر گەورەمان هەیە، دەبێت هەوڵ بدەین لەم دوو كاریسەیە زۆرترین كۆمەڵە دروست بكەین، زۆرترین رێكخراو دروست بكەین بتوانن لەگەڵ حكومەتدا هاوكاری بكەن، ئەمە پڕ بكەنەوە.

خاڵی دووەم/ یەعنی جاری پێشوو لە وەزارەتەكە باسی شەهیدمان كرد جیامان كردەوە، شەهیدی پێشمەرگە، كە دەڵێین شەهیدان لێرە شمولی ئێمە ناكات دەعم بۆ كەواریسە، ئەو خەڵكانەی كە بە كۆڵ لێیان قەوماوە، وەكو ئەنفال و كیمیاباران، بەڕاستی كیمیابارانی هەڵەبجەش یەعنی بۆتە رەمزێك، نازانم لەم یاسایانە زۆر جار ئێمە پشتگوێ دەخەین، كە باسی هەڵەبجەیە پێویست ناكات و شوێنی تر هەیە، یەعنی ئەمە بۆتە رەمزێك، تازە ئێمە بە جینۆساید پێویست پێویست ناكات بناسێنین لە هەموو دنیا دەزانن هەڵەبجە كامەیەو ئەنفال چیە؟ لەبەر ئەوە من پێم باشە، ئەمە خصوصیەتی ئەم كوردستانەیە، ئێمە بەم ناوە پیا چووین، لە ژێر ئەم ناوە لێقەوماوین، تاوەكو بهێڵینەوە بۆ زیكرەیاتی خەڵك، بۆ نەوەكانمان، ئەم دوو ناوە هەر دەبێت بمێنێت، كیمیابارانی هەڵەبجە لەگەڵ ئەنفال، ئەمەش پێم باشە ئەم یاسایەش یاسایەك بێت بۆ ئەهلی، من لەگەڵ ئەوەم یاسایەكە دەربچێت، بەڵام صندوقەكە صندوقی ئەهلی بێت پەیوەست بە حكومەت و وەزارەت نەبێت، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو كوردستان فەرمووو.

**بەڕێز كوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ یاسایەكەمە، بەڵام یاسایەكە بەو شێوەیە نەبێت كە یاسا لە پەرلەمان دەربچێت بەناوی صندوق، یان هاوكاری، یان كتاب بۆ خانەوادەی شەهیدان، چونكە خانەوادەی شەهیدان، یان شەهیدان لەوەی زۆر زۆر بەرزترە كە پیتاكی بۆ كۆ بكرێتەوە، حكومەت دەتوانێت بەخۆی هاوكاریان بكات، دەتوانێت هەندێ پارە دەست نیشان بكات مانگ بە مانگ، یان ماوە بە ماوە هاوكاریان بكات، هەروەها پشتگیری قسەكانی كاك جەمالیش دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حەمەی حاجی مەحمود فەرمووو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم مەسەلەیە یاسایەكە، كە من لەگەڵ یاسایەكەم دەربچێت، بەڵام دەتوانیت یاسایەكە بەشێوەیەك بێت، كە ئەوەی خێرخوازانی كوردستان، یان دەرەوە جیا بكاتەوە، بەڵام ئەو یاسایەش پێموایە وەزارەت خۆی شتێك بۆ خۆی بكات، بەرنامەیەك، یان قانونێك بۆ خۆی دابنێت، چونكە لە پەرلەمان كە بوو بە قەرار باوەڕ ناكەم ئەو بتوانێت دەستكاری بكات، بەڵام وەزارەت خۆشی دەتوانێت دەستكاری بكات، ئەوە خاڵێك.

خاڵێكی تر، ئەو رەئیەی كاك جەمال وایە بە تەئكید، مەسەلەی ئەوەش مامۆستا محەمەد فەرەج باسی كرد، مەسەلەی هەڵەبجە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من دەبینم صندوقەكە زۆر زۆر گرنگە، یەعنی پاڵپشتێكە بۆ ئەو بودجەیەی لەبەر دەستی وەزارەت هەیە بۆ كەسوكاری شەهیدەكان، دووەمیش/ ئەم وەزارەتە زانیاری تەواوی هەیە دەتوانێت پلان دابنێت لە هەموو بوارێكەوە بەیانی لە بواری تەربیەیە، لە بواری تەندروستییە، لە پرۆژەی ئەوەی كە شوێنی باشتریان بۆ بكاتن، بۆیە لایەنێكی پسپۆر لە ناو هەرێمی كوردستان بەو كارە هەڵدەستی ئەمیش مانای ئەوە نیە كە لایەنێك رێكخراوێك توانی خۆی تەنزیم بكات هاوكاریەك بۆ شەهیدان وەربگرێت ئەمە مەنعی بكات حوكمی بدات ئازادە هەتاكو ئێستا كام رێكخراو بەو كارە هەڵساوە بۆیە كەس نەیكردووە ئێمە پشتیوانی لێ ئەكەین هەروا پشتیوانیش لە پێشنیاری لێژنەی یاسایی دەكەین بۆ گۆرینی ناوەكەی، سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چنار خان فەرمووو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ هەموو تێبینیەكان، یەك شت دەمەوی روونی بكەمەوە ئەوەلەن تەمویل كردنی ئەو سەندوقە ئازادە كەس زۆری لێ ناكری چونكە كە ئەو قانونە دەرچوو تۆ هیچ خێرخوازێك ناتوانی زۆری لێ بكەی وەرە پارە بدە ئەوە یەكێكە لەو مەوزوعە، دووەم تكا دەكەم لە بەرێزتان خەیالی نەبین ئایا ئێمە موحتاجین یان نا ئایا كەسوكاری شەهیدانمان رۆژانە لە دەرگامان دەدەن، یان نا، ئایا پیوەستیان بە هاوكاریە، یان نا، چەندە توانیتمان هاوكاریان بكەین، ئەوە یەك لە مەسەلەكان، باشە چ جار رێگە

مونەزەماتی خێرخوازیمان هەیە (MGO) هەیە، مەفروزە ئەوان ئەو ئیشە بکەن، نەك حکومەت ئەو ئیشە بکات، بەڵام چەند ئەو ئیشە دەکەن خۆیان مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی پارە لە حکومەت وەردەگرن، یەعنی تەمویلەکەیان حکومەت دەبێت بیانداتێ، یەعنی ئەوانیش حەقی خۆیانە نەیانیوە مەصادیری پارە وەربگرن، بۆ ئەوەی هاوکاری خەڵك بکەن، دوایی برادەران، خوشکان، وەزعی کوردستان جیاوازە، خۆتان موقارەنە مەکەن بە ئەوروپا، بە ئەمریکا نازانم چی، ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە، بەسەر ئەوان نەهاتووە، لەوێ خەڵکی ئەوان واعیترە، خەڵکی ئەوان و کلتوری ئەوان جیاوازترە، بەڵێ لەوێ حکومەت ئەسڵەن پێویستی بەوە نییە، بەس رەقابە دەکات و ئیشراف دەکات، ئەوەی بەڕێوەی دەبات مەسەلەی خەدەمیە، مەسەلەی چارەسەرییە، مەسەلەی خێرخوازییە، مەسەلەی ئینسانییە، هەموو (MGO)یەکان و مونەزەماتی خێرخوازی دەیکات، بەڵام ئایا وڵاتی تۆ ئەو تەنزیم و ئەو تەشکیلەیە، توانیویەتی گەیشتبێتە ئەو ئاستە؟ نەخێر، وەحید حکومەت ئەو مەرکەزەیە، دەتوانێت ئەو تەنزیمە بکات، وەحید موئەسەسات و حزبی دەتوانێت چەند مونەزەماتی خێرخوازی تا ئێستا توانیتیان ئەوەی پێویستە بیکات جا لەبەر ئەوە پێم وایە دارشتنی شتیکی ئاوا زەرەرمەند نابی من خۆم باشە ئێمە ئەگەر جیرانەکەمان پێویستی بە هاوکاری بی خۆمان لە رووی ئینسانیەکەوە هاوکاری ناکەین، باشە ئەگەر بەیانی حکومەت بەوە هەڵدەستی کە حکومەت پێویست نەبوو ئەو کارە بکات دەیداتە خەلکیکی دیکە دەتوانی ببێتە بەدیل بیداتە خەڵکیکی دیکە بەڵام ئەو بەدیلەمان نیە یەعنی ئێمە بە ڕاستی نامانەوێ خۆمان فریو بدەین ئێمە خۆمان فریو دەدەین خۆزگە وەکو ئۆرۆپا بین بەڵێ خۆزگە بگەیشتباینە ئەو ئاستە وەکو ئۆرۆپا مونەزەمات ئەو ئیشە بکات و جگە لەوەش لە بیر مەکەن هیچ کەس زۆری لێ ناکری بێت تەمویلی ئەو سەندوقە بکات خەلکەکە ئازادە با تەجروبە بکەین ئەگەر فەشەلمان هینا وازی لێ دێنین و ئیلغای دەکەین بەڵام تەجروبە کردن هیچ زەرەری نیە ئێمە بە دوای مەسادری پارە دەگەرین و بەس، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وەڵلا من پێش ئەوەی موقتەرەحەکەی کاك جەمال باس بکەین ئەو موقتەرەحەی کاك جەمال زۆر راستە لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووتر لە کۆملگای ئێمە لە کۆمەڵگایەك ئەو هەموو ژمارەی شەهیدان و قوربانیانی نەبێت ئێمە بە دەیان هەزار شەهید و قوربانیانی ئەنفال و جێنوسایدمان هەیە سەد و دووسە و سێ سەد نیە و ئەمە ئەگەر لایەنێك نەبێت تەنزیمی بکات و رێکی بخات ئەمرۆ ئیمکانیەتی رێکخراوێك یان چەند خێرخوازێك نیە رێکی بخات و ئەم یاسایە تەبیعی رێگا ناگرێتن لەوەی کە کاری تریش بکرێت خەڵکی تریش پێی هەلبستێت و رێکخراوێکی تریش دروست بکرێت ئەمە وەکو هەنگاوی یەکەم هەتا وەکو ئەو رێکخراوە ئەگەر دروست کرا ئیحتیاجی بە وەزارەت دەبێ بۆ ئەوەی بزانێت کێیە شەهید کێیە خانەوادەیان کێیە موستەحەقە کێ پێویستی بە هاوکاری هەیە بەڵام لە گەل ئەوەشدا موقتەرەحەکە لە لایەن کاك جەمالەوە هاتووە دوو ئەندام یان سێ ئەندامی تریش پشگیریان لێ کرد بۆیە دەیخەمە دەنگەوە

وپێش ئەوەی بیخەمە دەنگەوە دەبی کاك جەمال تەحدیدی بکات چی دەوێ لە موفتەرەحەکەی دوا بخرێت یان

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دەمەوێ بەس یەك ئیزافە بکەم حەز دەکەم لە جەلسەیەکی تایبەتیدا داوامان لێ بکەن لەگەل مونەزەمات چ تەنسیقێکمان کردووە و چ تەبەروعات و یارمەتیەکمان وەرگرتووە و تەوزیعیشمان کردیە تەبعەن تیپی زەیتون یەکێکن لەوانەی کە بەدەرەجە یەك زۆر هاوکاریان کردوون و خەدەماتیان داینی دووەم ئەم شتە لە بیر مەکەن باسی (MGO) و مونەزەماتیان کرد هەندێك لە مونەزەمات تەعامووڵ لەگەل ئەهلی ناکات لە گەل جیهەتی رەسمی حکومەت دەکات بۆیە مەفروزە سەندوقەکی ئەوها هەبێت بتوانین ئەوان بانگ بکەین دۆنەرەکان لە گەڵ هەموو جیهاتێك تەعامووڵ ناکەن بۆ ئاگاداریتان جا حەز دەکەم لە جەلسەیەکی تایبەت ئەوانەی کە کردیتمانە بەرنامەی خۆمان وەکو وەزارەت پلانی خۆمان بخەینە روو و هەندەك تەوزیحات بدەین، زۆر سوپاس

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لە رووی یاساییەوە هیچ مانعێك نیە سەندوقێك لەو جۆرە هەبێتن وە سەندوقی ئەهلیش هەبێتن لە عەینی کاتدا لە هەمان کاتدا ئێمە لە قانونی حقوقی ئیمتیازات لەوێ دەنگمان بۆ دایە دەبێ سندوقێك دابمەزرێت بە ناوی سندوقی پشتگیری و هاوکاری کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینوساید یەعنی لە ماددەی حەوتەم بڕگەی دوو بە سەریحی لەوێ هاتووە ئێمە مولزەمین وەزاەت مولزەم کراوە بۆ ئەم سندوقە و پێشکەش بە پەرلەمان کراوە ئێمە بە پێی ئەو قانونە ئەو یاسایە دارێژراوە سەبارەت بە مەسەلەی هەیئەکە پێناسە بکرێ کە کاك عادل ئاماژەی پێ دا لە ماددەی چواردا هەیئەکە ناوی هاتووە و لەوێش پێناسە کراوە لەوێ هەر پێناسە کراوە ئیتر ئەگەر تیکراریش بوە پێناسەکەی دیارە، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك بکر فتاح بەڵام پێش ئەوەی قسەی بدەمێ ئاماژە بەوە دەکەم کە کاك بکر یەکێك بوو لە جگەرەکێشانی پەرلەمان ئەوا ئەندامانی پەرلەمان کە زۆر جگەرەیان دەکێشا پاش ئەو قانونە ئەم و ئەو وخۆشی زەغتەکی باشیان لە سەر کراوە و بریاری داوە جگەرەی ئەوە دە رۆژە نەکێشاوە ئومێد دەکەین ئەوە لێرە ئەو ئیعلانە وا بیتن تا ئاخێر بەردەوام بێت و سەرکەوتوو بێت و پیرۆزبایی لێ دەکەین و ئومێد دەکەین نموونەی زۆر بێت بە تایبەتی لە ئەندامانی پەرلەمان، کێ تر کاك عمریش ئەندامی لیژنەی قانونی و ئەندامی پەرلەمان ئەویش ئەوە دوو کاك عزالدینیش ئەوە سێ ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤیشە کاك عمر ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە باشترین دیعایەش دەبیتن بۆ قانوونەکە فەرمووکاك بەکر.

**بەڕێز بكر فتاح حسین :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆكی پەرلەمان دیارە من بریارەكەم هەمیشەیی نەبووە وا ئیلزامتان كرد بە سەرما كە هەمیشەیی بێت ئەوە هەمیشەییە و هیوادارم بتوانن هەموو ئەندامەكانی پەرلەمانیش ئەو رێگەیە بگرن و رێگەیەكی باشە قازانجی بۆ خۆیان و بۆ هەموو لایەك دەبێت، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان بە نیسبەت ئەم ماددەی كە باس كرا ئەوەتە من ناوی خۆم نەنوسی چونكە لەسەر ئەو ماددەیە قسەم نەبووە بەلام ئێستا گفتووگۆكە لەسەر ئەسلی سندوقەكەیە ئایا ئەو سندوقە وەزارەتی كاروباری شەهیدان كە بەشێكە لە موئەسەساتی دەوڵەتی و بەشێكە لە موئەسەساتی حكومەتی وە من پشتیوانی ئەو قسەی كاك جەمال دەكەم چونكە دوو سیستەم هەیە سیستەمێكیان ئەوەی كە لە ئۆرۆپا هەیە فەرقی هەیە فعلەن ئەوەی ئۆرۆپا فەرقی هەیە لە گەل ئەم وولاتانەی ئێمەیە ئەم وولاتانەی ئێمە زیاتر كە ئەم سندوقانە دروست دەكەن زیاتر یەك لە زەرایب دائەنێن ئایا جەنابی وەزیر چنار خان باسی ئەوەی كرد خەڵك ئازادە لەوەی كە تەبەروع بكات بەلام لەم وولاتانە عادەتەن تەبەروعات كە ئەیدەن وەكو ئیلزامی مەسەلەن موەزەفێك میقدارێكی مەحدود بۆ ئەو سندوقە لە مەعاشەكەی ئەبرن ئەوە پێی ئەلێن ئێلزامیە وە بەزە جارێكیش ئەتوانن لە بەینی ئیلزامی و ئیختیاری بێت كە خۆی ئەیدات یان نایدات بەلام من پێم وایە زیاتر ئەمە لە پێش ئەوەی كە بە پێی قانوون و بە پێی تەشریعات حەل بكرێت سەقافەتە ئایا ئەو خەلكانە ئەگەر مەسەلەكە ئازادە سەقافەی ئەوەی هەیە كە تەبەروع بكات بەم سندوقە خەلك سەرمایادارەكانمان یان خاوەن كۆمپانیاكانمان ئەو خەڵكانەی كە مرۆڤ دۆستن دەتوانن تەبەروع بكەن بەم سندوقە چونكە ئەم سندوقە ئەگەر سەر بە حكومەت بن بروا ئەكەم زۆر كەم كەس هەیە كە تەبەروع بكا بەم سندوقەی كە سەر بە حكومەتە یان سەر بە موئەسەسەیەكی حكومی بێت بەلام لەبەر ئەوەی بە رەئی من ئەو سندوقە ئەگەر دابندرێت با سەر بە حكومەت نەبێت چونكە ئەگەر سەر بە حكومەت بێت بە بڕوای من كە زیاد لە وەی چارەیەكە ئەوەیە كە لە مەعاشی موەزەفەكان یان لە ئەوانەی كە ئیستیسماراتی دەكەن خاوەن سەرمایەدارەكان كە نیسبەتێكی بتوانن تەبەروع بەم سندوقە بكەن، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی شەهیدان و یارمەتی و ئەو سندوقە و كۆمەلێك شتی تریش ئەمە وەكو حكومەتی هەرێم ئەو تەجروبانەمان نیە چونكە نە حكومەت بووینە و نە ئەو تەجروبانەشمان هەبووە بەلام ناشلێم چاو لە ئۆرۆپا بكەین دەولەتێكین كە حدودمان لەسەر یەكەوە بووە ولە ناو یشیان بووینە و زۆریش شارەزاینە لە ئیشەكان و تا حەدەكی زۆر چونكە بە سەدان كەسی ئێمەش كە ئێستا مەعاشیان پێ داوە ئێستاش كە ئەویش سوپای پازدارانی ئێرانە من رجا لە جەنابی وەزیر دەكەم كە ئەویش خۆی لەوۆی ژیاوە و شارەزایی باشە بۆ ئەوەی ئەو مەشرووعە موتاكامل بی و نوقسانی نەبی ئیتیسالێك یان وەفدێك بنێرنە دەزگای

شەهیدی ئێران چۆن توانیتیان موعالەجەی موشکیلەکەی بکەن نە ئۆرۆپانە و نە لەمەش پێشکەوتووترن موجتەمەعێکی دواکەوتوو و شاخاوێن وەکو ئێمە یەك ملیون شەهید و موعەوقیان هەیە ئێستا ئەو موئەسەسەیە دەوڵەمەندترین موئەسەسەیە پاش سوپای پازدارانی ئێران چۆن دەولەمەند بوون دوو رەئی هەیە یەکیان ئەوەیە حکومەتی مەرکەزی لە میزانیەی خۆی تا هاتنە سەر پێی خۆی مەشاریعی بۆ کردوون بەشێك لە میزانیەی خۆی بۆ دابین کردووە ئیستیسماراتیان کرد ئێستا مەعمەل چیمەنتۆیان هەیە مەعمەل سەیارەیان هەیە ئەوە هەمووی بنیاتی شەهیدە جگە لەوەش ئەو سندوقەی کە باسی دەکەن ئەو سندوقەشیان دانا سندوقی وان لە مزگەوتەکان بوو ئێمە هەمووما‌ن ئەزانین ئێستاش بەردەوامە یارمەتی خەلك ئەدەن من تەئیدی ئەوە دەکەم ئەو سندوقە هەبی و ئەوان وەزارەتی شەهیدانیان نیە بنیاتی شەهیدانە دەزگای شەهیدانیان هەیە مادام ئێمە ئەو وەزارەتەمان هەیە هەمان ئیش و هەمان مانای دەگەینی با عایدی وەزارەت بی بەڵام بکەنە قەرارێك حکومەتی خۆمان لە میزانیەی ساڵانە مەبلەغێك پارە تەرخان بکات ئیستیسمار بکات بۆ مەشرۆعێکی ئینتاجی هەم هەر مندالە شەهید ئیشی لێ بکات هەم قازانجەکەشی بۆ خانەوادەی شەهیدان بی ئینجا ئەو سندوقەش بکرێتەوە ئەو سندوقەش هەبی بەس تەئکید دەکەمەوە ئەمە عەجەلە نەکەین چونکە تەجروبەی ئەوان تەجروبەکی ناجیحە جیرانی ئێمەنە هەمان کولتوور و شتمان هەیە بچین ئیستیفادە لەوانیش بکەین، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وەڵلا یەکەم جار نیە ئەو ئیقتیراحەت جارێکی پێشتریش کردوتە و فعلەن منیش پشگیریت دەکەم لەبەر ئەوەی فعلەن ئێران تەجروبەیەکی زۆری هەیە ئەو پێشنیارەی کە کاك جەمال ئەگەر سەحبی ناکات دەبێت تەحدیدی بکەی،فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم ئیقتیراحەکەم بە غەلەت وەرنەگیری، عادەتەن ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەرەوە یارمەتیمان بدەن من مەبەستم ئەوەیە کە باسی ئەورۆپایا ئەمریکای ئەکەم مەعنای ئەوە نییە ئەو خەڵکە تەنها یارمەتی خەلکی ئەوروپا ئەدەن یا یارمەتی خەلکی ئەمریکی ئەدەن خەڵکێك هەیە یارمەتی ئیشی خێرخوازی ئەدات لە هەموو عالەما، بەڵام قانوونیان هەیە، نیزامێکیان هەیە کە یارمەتی حکومەت نادەن، یارمەتی وەزارەت نادەن، یارمەتی ئەحزابی سیاسی نادەن، یارمەتی مونەزەماتی عەسکەری نادەن، ئەگەر ئێمە دوورمان خستەوە لەمە شتێکمان دروست کرد، ئێمە ئەتوانین پەیوەندی لەگەڵ ئەو خەڵکە بکەین، ئەو خەڵکە لیستیان هەیە، ناویان هەیە، تۆ دەتوانیت ئەو مونەزەمەیە، ئەو صندوقەی کە دروستی دەکەیت پەیوەندی بەو خەڵکەوە بکات، لەوانەیە بەعزێکیان قەناعەت بکەن کە ئەم خەلکە پێویستی بە یارمەتی ئینسانی هەیە پێویستیان بە کۆمەك هەیە لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان بێبەش نەکەین لەو

خێروخێراتەی کە خەلکێکی دەرەوە ئەیکات و تەنها ئیعتیماد نەکەین لەسەر خۆمان لە کوردستان ئەو سندوقە با پەیوەندی بە وەزارەتەوە نەبێ، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان زۆرمان قسە کرد فەرموو کاك شێروان

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای دەبینم پەرلەمان دەکەوێتە تەناقوزێکی زۆر گەورەوە ئەگەر ئەو مەشروعە بەڕێوە نەچوو لە لایەکەوە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان دەنگمان بۆ ئەو پرۆژەیە داوە کە سەندوقەك دروست بکەین ئێستا ئەو موقتەرەحەی کاك جەمال وا دەکات ئەوەی من لێی تێدەگەم رەفزی مەشروعەکەیە، نەخێر، چونکە ئەگەر سندوقەکە نەبێ مانای رەفزی مەشروعەکەیە عیللەت لە دروست کردنی ئەو یاسایە سندوقەکەیە فەقەت، بۆیە مانای وایە موقتەرەحەکەی کاك جەمال رەفزی مەشروعەکەیەو، هیچ بەندەکێش تەحدید نەکرد، کە رەفزی بکاتن، بۆیە بەحەقیقەت من لەگەڵ ئەوە دامە ئەو سندوقە وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو رێکخستنی ئەو مەسەلەیە وەهیچ مانعێکی قانوونیش نییە سندوقی ئەهلیش دروست بکرێت بەو شروتەی کە کاك جەمال ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موداخەلە زۆر کرا فەرموو چنار خان.

**بەڕێزچنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ مولاحەزاتی کاك خورشید تەبعەن سەبارەت بە مەسەلەی ئیستیسمارات باسی کرد دەبی لە بیر نەکەین ئێمە لە هەیکەلی وزاری مودیر عامەکمان هەیە بە ناوی ئیستیسمارات لە بۆ سالی (2008) لە بۆ سالّی (2007)یش مەجموعەك پرۆژەی ئیستیسماریشمان تەقدیمی حکومەت کردو ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بەداخەوە لەبەر عیجزی میزانیەت موافەقەی لەسەر نەدا یەعنی ئێستاش لۆ (2008)یش تەقدیمان کردیە ئێستا خەریکی موناقەشەن، مەسەلەی ئیستیسماری ئێمە ئێشی لەسەر دەکەین لە خیلالی ئەو مودیریە، هیوادارین ئەم جارەیان میزانیەی حکومەت رێگا بدات ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکرێن ئەو جانیبە مالیە تەئمین دەبی بەس ئەو سندوقە بەدەر لە مەسەلەی ئیستیسمارات پێویستە دابمەزرێ من بەراستی دووبارە تەئکید دەکەمەوە مونەزەماتی خێرخوازی هەنە و یۆنامی هەنە (un) هەن تەعامول لەگەل ئەهلی ناکات ئێستا وەزارەتی پلان دانان حەز دەکەم پرسیار بکەن زۆر لەو مونەزەماتانە ئێستا لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان تەنسیق دەکەن پرۆژەکانیان حەسەب پێداویستی حکومەت دەکەن هەندێکیان بەس لەگەڵ وەزارەتی سیحە تەنسیق دەکەن هەندێکیان بەس لەگەڵ وەزارەتی تەربیە تەنسیق دەکەن ئێمە گوتمان ئێمەش بەشێکین لەوان پێویستە لەگەڵ ئێمەش تەنسیق بکەن بۆیە رەجائەن هەندێکیان بەس

**لەگەڵ وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی تەنسیق دەكەن ئەوە كۆمەڵێك دۆنەرن كە دەتوانین لەگەڵ ئەوان تەنسیق بكەین ئەوەی دیكە با (mgo) یەكانیش هەوڵ بدەن خۆزگە هەموو خەڵكی كوردستان هەوڵ بدەن پێكەوە لە ڕێگای مونەزەمات و ئەحزاب و ڕێكخراوەكان بۆ ئەوەی هاوكاری قوربانیایەكانیان بكەین ئەمە بەشێكە زەرەیەكە بۆ هاوكاری نەك هەموو شتەكان بیت، لە بیر نەكەین ئێمە تەنها دۆزینەوەی قەناتەكی دیكەی مالیە، بۆ ئەو هەموو كەسانەی كە پێویستیان پێە، یەعنی پێم وایە تەجروبەك هیچ كێشەی نییە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، تەواو موناقەشە تەواو وازیحە، ئێستا دوو رەئی هەیە، رەئی كاك جەمال كە دەڵێ ئەوە نابێ سەر بە حكومەت بی رەئی لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیریش كە دەڵێ ئەوە دەبی قانوونی بێتن و كاك كەریمیش ئاماژەی بەوەی كرد كە لە قانوونی لە ناوی ئیشارەتمان پێ كردووە كە دەڵێ دەبێ قانون دەربچیتن بۆ ئەم سندوقە موقتەرەحی كاك جەمال و كە لە لایەن چەند ئەندامێك پشگیری لێ كراوە كە دەڵێ نابێ ئەو سندوقە سەر بە حكومەت بی دەیخەمە دەنگدانەوە كێتەئیدی ئەو موقتەرەحەی دەكاتن با دەستی بلندكا، كێ لەگەڵ پرۆژەكەیە دەستی بلندكات، ئەوەی لەگەڵ ئاستی پرۆژەكەیە كە لەلایەن لێژنەی یاسایی پشتگیری لێ كراوە با دەستی بڵندكا، (30) بە (29)، ئێستا (29) بە (29) بووین، یەك شتان پێ دەڵێم ئەو مولاحەزەی كاك جمال زۆر راستە، بەڵام ئەو قانوونە ڕێگا لە پێشنیارەكەی ئەو ناگرێت، بەڵام دەكرێتن مونەزەماتی تر دروست بیتن با ئەم ئیشە لەو مەرحەلەیەدا وەزارەت نەیكاتن نەجاحەت نایەنیتن، بڕۆ بۆ ماددەی دووەم/ تكایە ئێستا پێش ئەوەی بچینە ماددەی دووەم، عینوانی پرۆژەكە كە گۆڕایە لەگەڵ موقتەرەحی لێژنەی یاسایی بۆ ماددەی یەك كە ئیزافەی وەزیری كردووە، یەك نوقتە مایە پێش ئەوەی برادەرێك ووتی هەیئە دەبێ وەسف بكرێت هەیئە هاتووە، كاك فرست دەڵێ هەیئەكە وەسف كراوە، كەواتە موقتەرەحەكە ناوەكەو و ماددەكە پێكەوە، ناوەكە بۆ گۆڕانكاری ئیقتیراح كراوە و خوێندیانەوە و لێژنەی یاسایی و ماددەكان و تەعریفەكانی وەزێری ئیزافە كراوە و دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵندكات تكایە، فەرموو كێ لەگەڵدا نییە، ئەكسەریەت، بۆ ماددەی دوو بڕۆ تكایە.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم : ئامانج و پرنسیپەكان**

**ماددەی دووەم: سندوق ئامانجی هێنانە دی ئەو ئامانج و پرنسیپانەی خوارەوەیە:**

**یەك: لێكۆلینەوە و بەڵگە كردنی ئابووری و رۆشەنبیری وتەندروستی و پەروەردەیی و دروست بوونی كۆمەڵایەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال كراوەكان و قوربانیانی چەكی كیمیاوی بۆ دڵنیا كردنی پێداویستیەكانی دارایەكان بۆ چاكردنی بارودۆخی ژیان و ژیاری .**

دوو: پێشنیاز کردن و دانانی پلان  پرۆژه و پرۆگرامەکان و بە هەند وەرگرتنی بێکاران لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدارو کۆمپانیاو ڕێکخراوەکان کە لە هەرێمدا کار دەکەن.
سێ: کردنەوەی خولی ئامادەکردن و ڕاهێنان بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی لەوانە کە خاوەنی بڕوانامە نین بۆ ئەوەی فێری کار و پیشەیان بکەین، بەهرە و توانا و شارازاییەکانیان بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانیان وەربگێری بۆ بوژاندنەوەو بەرەپێدانی ئابووریدا،
چوار: پێشکەش کردنی خزمەتەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاسانکاری پێویست بۆ چارەسەر کردنی پەککەوتەو نەخۆشە درێژ خایەنەکان چ لە ناوەوەی هەرێم و چ لە دەرەوەی هەرێم.
پێنج: کردنەوەی خانەی بە ساڵا چووەکان و دابین کردنی پێداویستیەکانیان بۆ ژیانێکی شکۆمەدار بۆیان.
شەشەم: پێدانی سولفەی بێسوود بۆ ئەوانەی نیازی هاوسەرگیریان هەیە بە قیستی مانگانە بە مەرجێك سولفەکە دوو ملیون دیناری عیراقی تێپەر نەکات تەنیا یەکجار .
حەوتەم: کردنەوەی سەنتەری زانستی و رۆشنبیری بۆ پێشخستنی توانای لاو و قوتابیان لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی و دابین کردنی هەموو پێداویستیەکانیان بۆ ئەم مەبەستە .
هەشتەم: بەهێز کردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەزگاکانی حکوومی و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان و مونەزەمەکانی خێرخوازی، بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزاییەکانیان و توانەکانیان لەم مەیدانەدا.
نۆیەم: کردنەوەی بەخشش و کۆمەك لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا .

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون صندوق بأسم صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية (الجينوسايد) ويكون له الشخصية المعنوية ويهدف الى تحقيق مايلي:
أولاً: دراسة وتوثيق الجوانب الاقتصادية والتربوية والثقافية والصحية والاجتماعية لعوائل الشهداء والمؤنفلين وضحايا الابادة الجماعية لتأمين الاحتياجات المالية لتحسين ظروفهم الحياتية والمعاشية .
ثانياً: اقتراح ووضع خطط المشاريع والبرامج لاستيعاب العاطلين عن العمل من ذوي الشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية بالتعاون والتنسيق مع الوزارات المعنية والشركات والمنظمات العاملة في الاقليم.
ثالثاً: فتح الدورات التأهيلية والتدريبية لذوي الشهداء والمؤنفلين وضحايا الاسلحة الكيمياوية من غير الحائزين على الشهادات الدراسية لتعليم حرف ومهن وصقل مواهبهم ومهاراتهم وخبراتهم للاستفادة من طاقاتهم في تنمية وتطوير اقتصاد الاقليم .

رابعاً: تقديم الخدمات الصحية والاجتماعية والتسهيلات اللازمة لمعالجة ذوي العاهات والامراض المزمنة سواء داخل الاقليم او خارجه.

خامساً: فتح دار للمسنين والعجزة وتهيئة كافة المستلزمات المطلوبة لتأمين عيش كريم لهم.

سادساً: منح سلف الزواج للمتزوجين من ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية دون فائدة وياقساط شهرية على ان لا تتجاوز السلفة عن(2000000) مليوني دينار و لمرة واحدة.

سابعا: فتح مراكز علمية و ثقافية لتطوير قابليات الشباب والطلبة من ذوي الشهداء والمؤنفلين و ضحايا الاسلحة الكيمياوية وتامين كافة المستلزمات المطلوبة لذلك.

ثامناً: تقوية العلاقات مع المؤسسات الحكومية والشركات والمنظمات والمجالس الخيرية للاستفادة من خبراتها وقابلياتها في هذا المجال.

تاسعاً: جمع التبرعات و الاعانات و المساعدات داخل الاقليم و خارجه.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنە پێشنیار دەکات ماددەی دووەم بەم شێوەی خوارەوە دابرژرێتەوە.

ماددەی دووەم: بەپێی ئەم یاسایە سندوقێك بەناوی سندوقی پشتگیری و هاوکاری کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جێنوساید دادەمەزرێ ئامانجی بەدیهێنانی ئەمانەیە:

یەکەم: لێکۆلینەوە بە بەلگە کردنی لایەنەکانی ئابووری و پەروەردەیی و رۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەلآیەتی خانەوادەی شەهیدان و قوربانیانی جینوساید بۆ دلنیا کردنی پێداویستیەکانی دارایی بۆ چاککردنی بارودۆخەکانی ژیان و گوزەرانیان .

دووەم: پێشنیاز کردن و دانانی پلان و پرۆژە و پرۆگرامەکان بۆ بەهەند وەرگرتنی بێکاران لە کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینوساید بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی پەیوەندی دار و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن .

سێیەم: کردنەوەی خولی ئامادەکاری و ڕاهێنان بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینوساید لەوانەی کە خاوەن بڕوانامەنین، بۆئەوەی فێری کار و پیشەیان بکەین و بەهرە و توانا شارەزایەکانیان بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانیان وەربگیری لە بوژانەوە و پەرەپێدانی ئابووری هەرێمدا.

چوارەم: پێشکەشکردنی خزمەت گوزاریەکانی تەندروستی و کۆمەلایەتی و ئاسانکاری پێویست بۆ چارەسەر کردنی پەککەوتەو نەخۆشیە درێژخایەنەکان چ لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

پێنجەم: بەشداری کردن لەگەلّ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەلّ کردنەوەی خانەی بە سالآچوان و پەککەوتەکان و دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆیان.

شەشەم: پێدانی سولفەی هاوسەرگیری بۆ ئەوانەی نیازی هاوسەرگیریان هەیە، بەمەرجێك سولفەکە لە (2000000) ملیون دینار عیراقی تێپەر نەکات و تەنیا بۆ جارێك بێت و بەبێ قازانج.

حەوتەم: بەشداریکردن لە کردنەوەی سەنتەری زانستی و رۆشنبیری بۆ پەرەپێدانی توانای لاوان و قوتابی و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جینوساید و دابین کردنی هەموو پێداویستیەکانی بۆ ئەم مەبەستە.

هەشتەم: بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیاو رێکخراو و ئەنجومەنەکانی خێرخوازی، بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزایی تواناکانیان لەم مەیدانەدا.

9- کۆکردنەوەی بەخشش و کۆمەك و یارمەتیەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

رأي اللجنة باللغة العربية :

تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:-

المادة الثانية: يؤسس بموجب هذا القانون صندوق بأسم صندوق دعم ومساعدة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية (الجينوسايد) ويهدف الى تحقيق مايلي:-

أولاً: دراسة وتوثيق الجوانب الاقتصادية والتربوية والثقافية والصحية والاجتماعية لذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية لتأمين الاحتياجات المالية لتحسين ظروفهم الحياتية والمعاشية.

ثانياً: اقتراح ووضع خطط المشاريع والبرامج لاستيعاب العاطلين عن العمل من ذوي الشهداء وضحايا الإبادة الجماعية بالتعاون والتنسيق مع الوزارات المعنية والشركات والمنظمات العاملة في الاقليم:

ثالثاً: فتح الدورات التأهلية والتدريبية لذوي الشهداء وضحايا الإبادة الجماعية من غير الحائزين على الشهادات الدراسية لتعليم حرف ومهن وصقل مواهبهم ومهاراتهم وخبراتهم للاستفادة من طاقاتهم في تنمية وتطوير اقتصاد الاقليم.

رابعاً: تقديم الخدمات الصحية والاجتماعية والتسهيلات اللازمة لمعالجة ذوي العاهات والامراض المزمنة داخل الاقليم وخارجه.

خامساً: المساهمة مع الجهات المعنية في فتح دار المسنين والعجزة وتهيئة كافة المستلزمات المطلوبة لتأمين عيش كريم لهم.

سادساً: صرف سلف الزواج للمتزوجين من ذوي الشهداء وضحايا الإبادة الجماعية دون فائدة وبأقساط شهرية على ان لاتتجاوز السلفة عن (2000000) مليوني دينار.

سابعاً: المساهمة في فتح مراكز علمية وثقافية لتطوير قابليات شباب وطلبة ذوي الشهداء وضحايا الابادة الجماعية وتأمين كافة المستلزمات المطلوبة لذلك.

ثامناً: تقوية العلاقات مع المؤسسات الحكومية والشركات والمنظمات والمجالس الخيرية للاستفادة من خبراتها وقابلياتها في هذا المجال.

تاسعاً: جمع التبرعات والاعانات والمساعدات داخل الاقليم وخارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەو هەدەفانە زۆر چاکە ئی لیژنەی قانوونی ئەوەی کە دەڵێ (يؤسس) زەروریە جوملەیەك نوقسانە کاك کریم بە عەرەبیەکەی پێش ئەوەی (يهدف) بلی (و يكون له شخصية معنوية ويهدف). پاش

جینوسایدەکە (ویکون له الشخصیه المعنویه ویهدف الی ) ئەوجا برۆ. ئەو موفقتەرەحی لیژنەی یاسایی دوو سێ شتی کردووە یەکیکیان وەکو عنوانی قانوونەکەمان گۆری لە کێندەر عنوانەکە ناوی هاتووە؟ ناوی تازەی داناوە. لە پێنجەما کردنەوەی هینی عەجەزە کردیتیە بەشداربوون لەوە . لە جێگایەکی دی (منح)ی کردووتە (صرف). ئەوانی تر مەبدەئەکانی هەمووی تەسبیت کردووە. کەس ئەگەر قسەی هەبێت ئەگەرنا، ناو دەنووسم.ناوەکان دەخوێنمەوە (پەخشان خان، کاك ئیحسان، کاك بەرزان، د.رۆژان، کاك جووتیار، کاك حاتم، کاك جمال، کاك جعفر، کاك شێروان، کاك سعد الدین، کاك عبد الرحمان ،د.هالە،خاتوو نسرین).

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێر هاتنی وەزیری بەرێزئەکەم، بەنیسبەت ئەو سندوقەیکە ئێستا ئەکرێتەوە بۆ شەهیدان بروا بکەن لەمە زیاتریان پێویستە کە ماڵە شەهیدەکان بۆیان بکرێت،ئەمەش چارەسەری کێشەی هەموو ماڵە شەهیدان ناکاتن ، لەگەڵ ئەوەشا پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە،لە خالی یەکەما لایەنی ئابووریەکەی،ئایا ماڵە شەهیدێك پێویستیان بەکریێ نشینێك پێویستە کرێەکەیان دابین دەکەن لەوە هەر چەندە مووچەکەیان هەیە ئێستا، بەڵام مووچەکەیان کەمە لەگەڵ بازاڕی ئەمرۆ زۆرجیاوازی هەیە و ناکونجێت، ئایا ئەمە بۆیان دابین دەکەن؟ ئەگەر پارچەیەك زەویان هەبێت ئایا بۆیان ئەکەن بە خانوو و یارمەتیان ئەدەن؟ لە خالی شەشەمیشدا باسی سولفە ئەکا بۆ کور و کچێك ئایا کورەکە ئەگرێتەوە یان کچەکەش ئەگرێتەوە کە ئەو سولفەیە وەربگرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەو ئامانجانە تێکەڵکردنێك هەیە لەگەڵ ئامانج و ئەرکی وەزارەتی شەهیدان، دەکرێ ئەو ئامانجانە زۆربەی بکرێت لەسەر میزانیەی وەزارەت یەعنی ئێمە کە دەڵێین سندوق وەکوهاوکاری لە لایەنێك وەردەگرین بۆ ئەم لایەنە، ناکرێ ئێمە بیکەینە دەورات و بیکەینە دیراسات و ئەبحاس و شتی ئەوها، یەعنی پێشنیار دەکەم تەنها خالی چوار و شەش و نۆ بمێنی، ببێتە سولفە و ببێتە تەقدیمی خەدەماتی سیحی و ئیجتماعی و جمعی تەبەروعات، یەعنی ئەو ئامانجانە هەمووی لە ئامانجی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان هەیە، میزانیەی خۆی هەیە دەتوانی بۆخۆی بیکا، ناکرێ ئەو سندوقە بەکار بهیندری بۆ ئامانجی وەزارەتەکە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بڕگەی هەشت کە دەلێ :بەهێز کردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا ئەوە بە موتلەقی هاتووە، مەبەستی حکومەتی هەرێمە یان هەموو وولآتان و گشت حکومەتێك؟ ئەوە وازح بکرێت، لەگەڵ ئەوەش کە لەبەغدا دەزگای شەهیدان هەیە کە ئەوە زۆر پەیوەندیدارە بە خانەوادەی شەهیدانەوە

چ پەیوەندیەك هەیە لەگەڵ ئەم دەزگایە بۆ بەهێز كردنی ئەو سندوقە؟ پێشنیارێكیشم هەیە كە لقێك، فەرعێك زیاد بكەین بۆ ئەو بڕگانە ئەویش بەهێز كردنی لایەنی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و جەماوەری بۆ ئەوەی جەماوەر بەچاو ڕۆشەن دەعمی ئەو سندوقە بكات لقێكی ڕاگەیاندنی هەبێت لە ئامانجەكان،زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە مەسەلەی شەخسیە معنویە لەو یاساییە پێویست ناكات، چونكە سەرۆكایەتی ئەوەی هەیە وەزارەت دەكات و وەزارەتیش شەخسیە معنویەی هەیە و ڕاستە هەندەك وەزارەت هەیە ئێداراتی تێدایە شەخسیە معنەویەی هەیە من نالێم ئەوە نیە، بەلام بە قەناعەتی من لەو وەزارەتە پێویست ناكات ئەو هەیكەلە زەخامەتی بدرێتی، شەخسیە مەعنویە لەناو شەخسیە مەعنەویە دروست بكەین وە لە ئەسلی پرۆژەكەش ئەسلەن شەخسیەتە مەعنەویەش لۆ وەزارەتە بۆیە من پێم وایە شەخسیە مەعنویە لێرە پێویست ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی یەكەم دەلێ (دراسة وتوثیق الجوانب الاقتصادیة). ئەغلەبی لەو فەقەرانە ئەمە لە قانوونی وەزارەتیكی دیكە عیلاجی بۆ دیترایتەوە یەعنی لە وەزارەتی عمل ئەو سندوقە زیاتر ئەوەی باشە هەماهەنگی بكاتن لەگەڵ وەزارەتی عمل دیراسەكان لەوێندەر وەربگێری باشترە، لە پاشان ئەو نوقتەی چوارەم فەقەرەی چوارەم (تقدیم الخدمات الصحیة والاجتماعیة). ئەوە زۆر واسیعە زۆر بەر فراوانە تەقدیمی خدماتی سیحی و ئیجتماعی یەعنی لە سەلاحیەتی ئەنجومەنی وەزیران دەكرێت ئەوە یان لە وەزارەتی سیحە یان لە وەزارەتی (شؤوني) عملی ئیجتماعی لەوێندەری عیلاجی كرایەو لێرە پێویست ناكات، لەگەڵ ڕێزمدا،

**بەڕێزجعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەللا من دوو سێ پێشنیارم هەیە، ماددەی دوو لە پاش بڕگەی سێ بڕگەیەك زیاد بكرێت بكرێتە بڕگەی چوار بنووسرێت، كرێن یان دابینكردنی زەوی كشتوكالی بۆ كەسوكاری شەهید و ئەنفالكراوەكان ئەوانەی كە دەتوانن كاری كشتوكالی بكەن لە شۆرشی ئەیلوولدا زۆر تەجروبەكرایەو و زۆر نەجاحەتی هێناوە و ئیستیفادەی باشی لێكراوە، بڕگەی شەش ئەو پارە كەمە لەجیاتی دوو ملیون بكرێت بە سێ ملیون ئەوەش شتەكی باشە، خالی سێ بڕگەی حەوت بۆی زیاد بكرێت لە ئاخیری بڕگەكە كردنەوەی خولی بەهێز كردن بۆ قوتابیانی شەهیدان لەكاتی پشووی ساڵدا چونكە ئەو ئێستا بوویتە زاهیرەیەكی زۆر بەتایبەتی لە شارەكانی

کوردستان، ئەو قوتابیانەی زیاتر ئیهتیمام بخاتە سەر ئەو دەوراتانە خاسەتەن تەلەبەی شەشەکان ئەوە ئیستیفادەی زۆر دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال یوسف فەرمووو.

**بەرێز جمال یوسف بوتانی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت من پێشنیارێکم هەیە لە ئامانجەکان ئەویش ئەوەیە، موقازاتی شەریکاتی ئەجنەبی بکرێت ئەوانەی کە چەکی کیمیاوی دروست کردوە ئەمە مادام قوربانیانی ناوی هاتووە لە قانوونەکە حەقە ئێمە لە یەکێك لە ئامانجەکانمان ئەوە بێت چۆن موقازاتی شەریکاتی ئەجنەبی بکەین ئەوانەی کە چەکی کیمیاویان دروست کردووە ئەویش ببێتە مەوردێکی رەئیسی بۆ ئەم سندوقە، جگە لەوە ئیستیفادە لەو وەزارەتەش بکەین کە لە بەغدا هەیە بۆ ئەو ناوچانەی کە کارەسات بارن وەکو هەڵبجە و وەکو شوێنانی گەرمیانی کە ئەنفالکراون و باهدینان، ئەوانە بودجەی تایبەتیان هەبوو ئەو شوێنانە، با ئیستیفادە لەو مواردانەش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرمووو.

**بەرێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من دەست خۆشیتان لێ دەکەم بە حەقیقەت و لەگەڵ هەموو خالەکانی ماددەی دوو بە حەقیقەت خالی باش باش و لە جێ خۆیتی بۆ بنامالەی شەهید و ئەنفالکراوەکان بەس لێرە بۆ پالپشتی ئەو سندوقە وە ئاسانکاری بۆ بکەین من پێشنیار دەکەم یەکیکیان لەوە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان هەماهەنگیەکی باشی هەبی لەگەڵ بەتایبەتی ئەو لێژنە توبیانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش لە دەرەوەی وولات، جاری وا هەیە لە فرنسا جارێ وا هەیە لە ئیتالیا و جاری وا هەیە لەو وولاتانە دێن هەماهەنگیەکی هەبی لەگەلیاندا و بۆ عیلاج کردنی ئەو  نەخۆشانەی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان، دوو. هەولبدرێت خەستەخانەیەکی باشیش دابندرێت و هەموو جۆرەکانی عیلاجی نەخۆشیەکان و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالەکان لەپایتەختی هەرێمی کوردستانا پالپشت بێت بۆ ئەم سندوقە و هەموو ئەرکێکی نەکەوێتە سەر، حالەتی دیکەش هەیە کە وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان بۆیان بکا ئیحسایەکی تەواویان هەبی بۆ ئەو نەخۆشانەی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوەکان کە کێن وە لە کوێن وە نەخۆشیەکەیەان چۆنە و چۆن عیلاجیان دەکەین بۆ ئەوەی هەر کاتێك ئەگەر پێویستیان بە هاوکاری و عیلاج بوو لەبەر دەستیان بێ هەر چەندە دلنیام لەبەر دەستیانە، حالەتێکی تریش هەیە ئەویش هەر پێشنیارێکە بۆ پالپشتی ئەو سندوقە و خەمخۆری زیاتر بۆ کەسوکاری شەهیدان ئەو

**شوێنانەی کە شەهیدانی جینوسایدی زیاترە لەو شوێنانە خەستەخانەکی تایبەت بە هەموو بەشەکانی دابنرێت بۆ پاڵپشتی نەخۆشەکان و چاککردنی نەخۆشەکان و خەمخۆریان و زۆر سوپاستان دەکەم،**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جووتیار فەرموو.**

**بەڕێز کریم مجید شریف(جووتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە ماددەی پێنجەم (بەشداری کردنی لایەنە پەیوەندی دارەکان بۆ کردنەوەی خانەی بەساڵاچووەکان و پەککەوتەکان)، ئەمە شتێکی زۆر باشە خزمەتێکی باشە بۆ بەساڵاچووان و پەککەوتەکانی وارسی شەهیدانە بەڵام دیارە لە هەندێك جێگا نەتوانرێ ئەو خانەیە بکرێتەوە ئەوانە بێبەش دەبن لەو لایەنە خزمەتگوزاریە کە حەقی خۆیانە ئەو خزمەتگوزارەیان پێ بگات من پێشنیار دەکەم خالێك زیاد بکرێت، وارسی شەهید گەر پەککەوتە بوو و بەساڵاچوو بوو دەتوانێت بە خواستی خۆی کەسێك دیاری بکات بۆ خزمەت کردنی بەمەرجێك ئەو شوێنەی خانەی پەککەوتوو و بە سالاچووی تێدا نەبێت و دابین کردنی مووچە بۆ ئەو کەسەی خزمەتەکەی ئەگرێتە ئەستۆ وموووچەی بۆ دابین بکرێت چونکە بەڕاستی لە هەندێك قەزا و لە هەندێك ناحیە نەتوانرێت ئەو خانەیە بکرێتەوە، کەسوکاری شەهیدانیش دیارە لەوێ حەقی ئەوەیان هەیە ئەو خزمەتگوزارەیان پێ بگات بۆیە عیلاجی ئەوە بکەین کەسێك بگرن خزمەتیان بکات ویارمەتی ژیان و بەڕێوبردنی ژیانی ئەوان بکات، بەڕاستی پێدانی ئەو سولفەیەش بەڕای من ئەو سولفەیە کەمە چونکە ئەوە قەرزی مانگانەیە ئەو دوو ملیون دینارە زیاد بکرێت ببێت بە پێنج ملیون دینار باشە وە لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر بۆ هاوسەرگیری یەك ملیونیان پێ ببەخشرێ وەکو بەخشین حیسابی بۆ بکەن باشە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د.رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو تەفاسیلەی لەو ماددەیە هاتووە لەو یاسایە پێویست ناکات باس بکرێتن چونکە یاساکە تەنها لەبۆ دانانی سندوقەکە و مەبەست لە دانانی ئەو سندوقەش بەدێهینانی ئامانجەکانی وەزارەتەکەیە هەروەکو د.هالە ئاماژەی پێ کرد ئەو خاڵانە هەمووی لە یاسای وەزارەت و یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان باس کرایە، تەنها خالی نۆ نەبی کە پەیوەندی بە ئەسلی پرۆژەکە هەیە، ئەو خالەش لە ماددە حەوت بەتەفسیلی باس کرایە لۆیە بەباشی نازانم کەئەو تەفسیلە لەو ماددەیە باس بکرێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خاتوو پەخشان فەرموو.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش ئەو ڕەئیەم هەیە، مبادئ و ئەهداف و شێوازی تەحقیقی ئەو ئەهدافانە هەمووی تێکەڵکراوە لێرە بەرەئی من کورت بکرێتەوە، چونکە ئێستا مەسەلەن خاڵی یەکەم (دراسة وتوثيق الجوانب...هتد) ئەوە ئیشی ئەو سندوقە نیە ئەوە ئیشێکە دەبێ بکرێت بەبوونی ئەو سندوقە و نەبوونی، ئیشی تەنها وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، سولفەکە بۆ ئەوە بوو کە موکافەئەی بکەین بۆ ئەوەی تەشجیعی بکەین و هاوکاری بۆ بدۆزینەوە دەکرێ لەسەر نسریەی وەزارەت و میزانیەی وەزارەت هاوکاری بۆ بکرێ و ئەمە بەڕاستی هەدەفەکە بۆ ئەوەی بوو خەلکانیك زیاتر تەشجیع بکەین بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری ئەو سندوقە بکەن، بەهەر حاڵ دەکرێ لابردرێ منیش لەگەڵ ئەوەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرەی (د) کەواتە موقتەرەحەکە کە زۆر لە ئەندامان ئاماژەیان پێ کرد کە زیادە، فەقەرەی (د) لادەچێتن، بەنیسبەت موقتەرەحەکەی کاك سعدالدین خۆی ناحیە لوغەویەکەو ئیستیلاحیەکە چاك کرایە، لێژنەی قانوونی کە راپۆرتەکەی خوێندەوە بەو جۆرەی خوێندەوە کە (صلاحياتها)، من وا لە پێشمە ئەوتا، ئەوانی تر مولاحەزەکان جواب درانەوە فەقەت ئەوەی ئەکسەریەت کە باسیان کرد کە فەقەرەی (د)ە کە پێموایە(4،3،2،1) راستە، (اولا(4،3،2،1) یەعنی چوارەم دەکاتن ئەوە دەبێ بخرێتە دەنگ؟ ئەوە مادام موافەقەت کرا ، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، لێژنەی یاساییش لاری نیە لەوەی کە فەقەرە چوار لابردرێت،

**بەڕێز سەرۆکە ئەنجومەن:**

ئێستا دەگەرێنەوە سەر ماددەی (2) ئێستا نیساب هەیە لەسەر ماددەی دوو موقتەرەحی لێژنەی قانوونی بە ئیزافە کردنی (ويكون له الشخصية المعنوية)(يكون له الصندوق) یعنی، سەرۆکایەتی موقتەرەحی سەرۆکایەتی ئەوەیە (ويكون له الشخصية المعنوية)و تەئیدیش کراوە لە لایەن برادەرانەوەو هەندێکیشیان لەگەڵ پێشنیاری لێژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ماددەی دووە دەستی بلّندکا، فەرموون کێ لەگەڵدا نیە ؟ بەکۆی دەنگ قبوول کرا ، ماددەی سێ (يدير الصندوق هيئة برئاسة) ئیستیشاریەکە لادرا بوو بەپێی موقتەرەحی لێژنەی یاسایی یەعنی هەیئە یەکسەر بەبێ ئیستیشاری، کۆی دەنگ نەبوو، ئەکسەریەتی دەنگ، ماددەی سێیەم موقتەرەحەکەی لێژنەی یاسایی گوتمان ئیستیشارییەکە لادرا کێ لەگەلیتی با دەستی بلندکا، فەرموو سوپاس. کێ لەگەڵیدا نیە؟ بەکۆی دەنگەوە قبوول کرا، ماددەی چوارەم بە ئیقتیراحی لێژنەی قانوونی دەیخەمە دەنگەوە بە لابردنی فەقەرەی (د) و (وضع ) یان (رسم) دوای

زمانەوانی هەینەی دەکەن دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیتی؟ فەرموون، کێ لەگەڵیدا نیە؟ ئەویش بە کۆی دەنگ ، بچۆ بۆ ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: لەسەر بانگێشەی سەرۆکی دەستەی باڵا، دەستە بەلای کەمی مانگێ جارێك کۆدەبیتەوە بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامەکانی رادەکەی تەواو دەبێ.

دووەم:بریارەکانی دەستە دەخرێتە بەردەم وەزیر بۆ پەسند کردنی لە ماوەی دە رۆژدا لە رێکەوتی دەرچوونی لە وەزارەتدا ئەو بریارانەی لەم ماوەیەدا نارەزایی بەرامبەریان دەرنەبرێت ئەوە جێبەجێ دەکرێن .

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

أولآ: تعقد الهيئة بدعوة من الرئيس اجتماعا واحدأ في الشهر على الاقل ويكتمل النصاب بحضور أغلبية أعضائه.

ثانيآ: تعرض قرارات الهيئة على الوزير للمصادقة عليها خلال عشرة ايام من تأريخ تسجيلها في الوزارة وتعتبر القرارات التي لم يعترض عليها خلال المدة المذكورة قابلة للتنفيذ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ماددەی پێنجەمی نیە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من تێبینیم هەیە کاك کریم، وزیر خۆی رەئیسی هەیئەیە بۆچی عەرز بکرێت لەسەری؟ لەبەر ئەوە ئەو فەقەرەیە زیادە (تعرض) دەکا نایەویتن (تعرض)قەرارات خۆی لەوێیە خۆی حازرە لە ئیجتیماعات و ئەوانە ، لەبەر ئەوە فەقەرەی دوو زیادە (تنعقد الهيئة بدعوة من الرئيس اجتماعاً واحدآ في الشهر و يكتمل النصاب بحضور اغلبية اعضائه وتتخذ القرارات بالاكثرية). دەتوانن ئەوها بلێن (تعقد الهيئة....الخ وتتخذ قراراتها بالآغلبية)، ئەوەی ئیزافە بکەن و فەقەرەی دووەمیش شەتب بکەن، ئەگەر کەس هینی نیە دەیخەمە دەنگەوە بە ئیقتیراحەکەی خۆمان، فەقەرەی دووەم شەتب دەبیتن و فەقەرەی یەکەمیش (تعقد الهيئة بدعوة من الرئيس اجتماعآ واحدآ في الشهر و يكتمل النصاب بحضور اغلبية اعضائها و تتخذ قراراتها بالآكثرية)، ئەگەر کەس هینی نیە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە با دەستی بلندکا، فەرموو، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە نیە با دەستی بڵندکا، بەکۆی دەنگ قبوول کرا، ماددەی شەشەم تکایە.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم لێژنەیەکی چاودێری لە نیوان بەشداربووان و بەخششکاران و وەزارەت دادەمەزرێ ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەك:چاودێری کردنی پرۆژەکان لە لایەنی جێبەجێ دان و لایەنەکانی سەرفکردن .

دوو:پێشکەش کردنی راپۆرتی دەوری و نیوە ساڵی بۆ وەزێر دەربارەی کارەکانی سندوق.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تشكل لجنة رقابية من المساهمين و المتبرعين و الوزارة تتولى:

1- الرقابة على المشاريع المنفذة و اوجه الصرف.

2- تقديم تقارير دورية و نصف سنوية للوزير عن اعمال الصندوق.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ماددەی شەشەمی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە زۆر رێك و باش هاتیە و لێژنەی یاساییش پشگیری کردووە، ئەگەر کەس مولاحەزەی نیە، د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیعلام دەورێکی باڵا دەبینی پێویستە رەقابەی لەسەر بی بۆ ئەوەی ئیعلامێکی راقی لە ئاستی ئامانجی ئەو وەزارەیە هەبی ، پێشنیار دەکەم ئیعلامیش رەقابەی لەسەر بی لێرە ، رەقابەی لەسەر بی لجنەی رەقابە موتابەعەی ئیعلامی ئەو سندوقە بکات لەبەر ئەوەی ،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە گوتمان ئیعلام حرە و یان لە وەزارەتیکی حرە  دەتوانن موراقەبەی بکەن بێ ئەوەی هیچی لەسەر بکرێ،زۆر سوپاس، کاك عزالدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك مەشروع هەنە بە سێ مانگ تەواو دەبن بۆ نصف سنویە ئەو تەقریرە؟ بۆ بە دوو مانگ جارێك یان سێ مانگ جارێك نەبن ؟ چونکە هەندێك مەشروع هەن بە سالێك درێژ نابێت بە سێ مانگ تەواو دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیلزامی نیە دەتوانی مانگێ جارێك بنووسیت بەڵام ئەوە ئیلزامیە دەبی شەش مانگ جارێك دەبی بنووسیت وە ئەگەر ئیلزام بکات دەتوانی زۆر بکات، شمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئەگەر ئەو لێژنە چاودێریە لە نێوان بەشداربووان و بەخشش‌کاران بێت، ئێمە لە ماددەی چوارەم لە خالی دووەمدا ووتومانە لە هەندێ جار بەپێ پێداویستی ئەو سەلاحیەتە ئەدەینە دەستی وەزیر جا ئەو کاتە نازانم ئەو چاودێریە چۆن ئەبی یەعنی لەخوارەوە بۆ سەرەوە لەوە ئەچێ تۆزێك قورس بێت ، لە خالی شەشەما پێم باشە ئەو نیوە سالە بکرێت بە شەش مانگ بۆ تەعبیرەکەی جوانترە ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەڵامی کاك عزالدین ، سەبارەت بەوەی کە تەقاریر دەدرێ رەنگە مەشروعەکە تەواو نەبی بەڵێ زۆر تەبیعیە مەشروع تەواو نەبووە تەقریرێك ئەدرێ دەڵێ مەشروعەکە گەیشتووتە ئەم قۆناغە و مایتی جارێ تەواو نەبووە بەس مەشاریع نابی بەس ئەو کاتەی کە تەواو بوو تەقریری لە سەر بدرێ دەشکرێ لەحالەتی ئیدامە و تەواوبوونی رەنگە بە چەند ساڵ تەواو دەبێ بەڵام دەکرێ تەقاریری لەسەر بدەی ، نصف سنویە هەر مانای شەش مانگەکە دەکات یەك شتە پێموایە فەرق ناکات ئەگەر شەش مانگ بیێ یان نیوەی ساڵ، سەبارەت بەوەی دیکە لیژنەی رەقابی موساهمین و موتەبەرعین و الوزارە، تەبعەن لێرە منیش بەراستی دەمەوی لەسەرووی وەزارەت کەسیك هەبێ رەقیب بی با بەس موتەبەرعین بی یان دەکرێ جیهەتی مەعنی کێ بن ئێوە لێرە دەتوانن وەکو ئەندامانی پەرلەمان دەستنیشان بکەن، چونکە وەزارەت خۆی عضوە لە ناوی با رەقیبێك لەسەرووی خۆی ببێتە رەقیب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی رەقابەی موعەرەزە بۆ رەقابەی مالی ئیعتیادیە ئەوە مادام بە قانوون دەرچووە موعەرەزە مادام میزانیەی لە حکومەتە بەشێکی ئەوە موعەرەزە، بەڵام دەشکرێ خۆتان هەیئەی و ئەوانەی موتەبەرعینیش حەقیان هەبیتن ، تەئیدی لێژنەی قانوونی بۆ ئەو ماددەیە هاتووە و مولاحەزەکانیش جوابدرایەوەو ماددەکەی دەخەمە دەنگدان، کێ لەگەڵێتی دەستی بڵندکا تکایە، فەرموون. کێ لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبوولکرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی چوارەم**

**دارایی سندوق**

**ماددەی حەوتەم: دارایی سندوق لەمانە پێك دێت:**

**1-بەخشش و دیارییەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان.**

**2-بەخشش و دیارییەكانی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریمی كوردستان.**

**3-بەخشش و یارمەتییەكانی كە حكومەتی هەریم وەكو پشكدارییەك بۆ پشگیریكردنی سندوق پێشكەشی دەكات.**

**4-ئەو بڕە پارانەی پشكداران و بەخششكاران هاوبەشی دەكەن.**

**5-ئەو بەخششانەی كە دەزگاو ڕێكخراو و كومپانیا و ئەنجومەنەكانی خێرخوازی و ڕێكخراوەكانی مافەكانی مرۆڤ لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم دەیبەخشن.**

**6-زەكات.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الرابع**

**مالية الصندوق**

**المادة السابعة: تتكون مالية الصندوق من:**

**1-تبرعات و هدايا رئيس الاقليم.**

**2-تبرعات و هدايا رئيس و اعضاء مجلس وزراء اقليم كوردستان.**

**3التبرعات و المساهمات التي تقدمها حكومة الاقليم كمساهمة منها في دعم الصندوق.**

**4-المبالغ التي يشترك بها المساهمون و المتبرعون .**

**5- التبرعات التي تتبرع بها المؤسسات و المنظمات و الشركات و المجالس الخيرية و منظمات حقوق الانسان داخل الاقليم و خارجه .**

**6- الزكاة.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لێژنەی یاسایی پێشنیاز دەكات بەم شێوەی خوارەوە دابرێژرێتەوە،**

**ماددەی حەوتەم:**

**دارایی سندوق لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

1-بەخشش و دیارییەکانی کە حکومەتی فیدرال وەکو بەشدارییەك لیێ بۆ پشگیری سندوق.

2-بەخشش و دیارییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

3- بەخشش و دیارییەکانی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

4-بەخشش و یارمەتییەکانی کە حکومەتی هەرێم وەك بەشداریکردن لیێ بۆ پشگیری سندوق پێشکەشی دەکات.

5-ئەو گوژمە پارانەی کەبەشدار بووان و بەخشکاران بەشداری تێدا دەکەن.

6- ئەو بەخششانەی کە دەزگا و رێکخراو و کومپانیا و ئەنجومەنە خێرخوازەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەناو هەرێم و دەرەوەدا دەیبەخشن.

7- ماڵ و پارەی زەکات و وەقف و وەسیەتنامە .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەللآ ئەو هینە باش هاتووە بەلآم تەبعەن لێژنەی یاسایی فەقەرەکی دی ئیزافە کردووە ئەویش سەرۆکی حکومەتی فیدرالە، منیش بە حەقیقەت لێرە پێموایە فەقەرەی یەکەم و دووەم زیادە، رئیس اقلیم و رئیس وزرا زیادە چونکە کە ووتت حکومەت حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمیش باشە، ئیقتیراحم ئەوەیە موافەقەت بکەن جەنابی وەزیر، رئیسی حکومەت و رئیسی اقلیم هەمووی حکومەتن لەبەر ئەوە حکومەت هەموویان دەگرێتەوە ، کە وتت حکومەتی هەرێم هەموویان دەگرێتەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووومان دەزانین سەرۆکایەتی هەرێم ، سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمانیش میزانیەی تایبەتی خۆیانیان هەیە ساڵانە، لەو میزانیە دەتوانن بەشێکی لە تەبەروعات و مساعدات سەرف بکەن، لێرەدا سەرۆکی هەرێم لەو میزانیەی کە لەبەر دەستیدایە ئەو تەبەروعاتە پێشکەش بکات، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بەهەمان شکل و جەنابیشتان ئەگەر ئیزافە بکرێن ئەوە زۆر باشە.سوپاس

**بەرێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر هەمووی دەسەڵاتەکانە میزانیەی حکومەتە پەرلەمانیش سەرفی بکاتن هەر لە میزانیەی حکومەتی شامل دەردەچیتن، لەبەر ئەوە ئەو دوو جوملەیە زیادە رئیسی هەرێم و رئیسی وزرا و رئیسی پەرلەمان زیادە، پارەکە پارەی هەرێمە بۆیە تەبەرووعات و هدایایی حکومەتی هەریمی کوردستان وە هدایای حکومەتی فیدرال ئەوانە زۆر باش هاتووە، ئەوەش ئیزافە کراوە زەکاتەکە شەرح کراوە (اموال الزكاة والوقف والوصية) ئەوەش زۆر باش هاتووە، ئەگەر موافەقە دەکەن سەتری یەکەم و دووەم من پێموایە بیخەمە دەنگەوە ئەگەر موناقەشەیەکی وای لەسەر نەبی؟ کاك شێردل فەرموو.

**بەڕێز شێردل عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو ماددەی لێژنەی قانوونیم، بەڵام ئەوەی هەندێکیان ئەوەی ئی حکومەتە، ئی حکومەت ئیعتیادیە کە وەزارەت وەریدەگری، بەڵام ئەوانەی نەهلی لە دەرەوەو لەناوەوەن، من پێشنیار دەکەم بە کردنەوەی ژمارەیەکی حیسابی بانکی لە دەرەوەو لە ناوەوە بۆ ئەوەی کارەکانیان ئاسان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالرحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمان احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە دەڵێ دارایی سندوق لەمانە پێك دێت سنوورداری کردووە پێموایە ڕێکخرانی ئەم پرۆژەیە و بەڕێزانی وەزارەت راپرسیان نەکردووە کە بزانن کێ هاوکاریان دەکات ، پشتیوانی ئەم پێشنیارەی جەنابتان دەکەم یا خاڵێکی ئەوها دابڕێژن بۆ ئەو بەخششانەی لە بەرپرس و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و بەو شێوەیە کە گشتگیە وهەموو شێوەیەك دەگرێتەوە ببێتە خاڵێکی گشتگی،شتێکی ئاوا دیاری بکەن زۆر باشە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە خالی یەکەم و دووەم نەمینی، خالی چوارەم ( المبالغ التی یشترك بها المساهمین والمتبرعین) یعنی ئەمە سابیتە؟ ئەگەر سابیت نیە لام وایەخالی پێنج ئیتر ئەوە هەمووی دەگریتەوە، پێشنیار دەکەم خالی پێنج لە دوای (التي تتبرع بها المؤسسات والمنظمات والشركات والافراد). ئیتر مەجالسی خەیری و مونەزەماتی حقووقی ئینسان لابردرێوە لەگەڵ ئەوەم خالی شەش لابردرێ (زەکات)، چونکە ئەگەر تەبەروع بێت هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە زەکاتیش ئەگرێتەوە تۆزیك قورسە یعنی، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبداللە نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پشگیری لە رەئیەکەی جەنابت دەکەم، ئەو خالی یەکەم و دووەم لابچێت ، ئەوەی دووەم خاڵی شەش وەکو پەخشان خان وتی وشەی (زەکات) شێوازەکەی جوان نیە هەر خەیریەکە کافیە بۆ ئەوە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بڕگەی شەشەم پێم باشە بکرێت نەك مجالس خیریە، جهات خیریە دەقیقتر دەردەچی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**شمسە خان فەرموو:**

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە بڕگەی چوارەما تەفاسیلی زیاتری بدرێتی باشترە ووشەی بەخششکاران بۆ ئەوەی تۆ مەسەلەن تا بە مەوزوعەکە و خەلکێکی زیاتر بێنی ببەخشێ بنووسرێ ئەو کەساییەتیە دیارو دەولەمەندەکان و زائیدەن ئەوەی با ئەم سندوقە سەر بە وەزارەتیش بێت مەفروزە ناوی وەزارەتەکە ئەم وەزارەتە کە مەعنیە بە نووسراو لێرە بە خالێك بنووسرێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەللا بەمن باش هاتووە هینەکان، بەلام زەکاتەکە لەوێ شەرح کراوە زۆر کەس هەیە زەکاتی لەسەرە و باوەریش دەکات کە زەکات دەدات و بیداتە ئەو سندوقە، ئەوەی لێژنەی یاسایی کە ئاماژەی پێ کردووە (اموال الزکاة والوقف والوصیة) نالێت زەکات ، زۆر کەس هەیە وەقف دەکاتن، خانووەکەی خۆی وەقف دەکات بۆ مالە شەهیدەکان وەسیەت دەکات مالەکەی بچێتن بۆ ئەو، بۆیە ئەم سیاغەی لێژنەی قانوونی زۆر راست هاتووە، ئەموالی زەکات لەگەل وەقف و وەسیەتیش، لە یەکەم و دووەم تەئیدیان کرد کە لابچیتن بەشێوەیەك بێت کە:**

**یەکەم: سیاغەکەی وا بێت کە لێژنەی یاسایی کردوویەتی، تەبەروعات و ئەموالی کە لەلایەن حکومەتی فیدرالەوە دێت.**

**دووەم:ئەو ئەموال و تەبەروعاتەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە دێت. سێیەم:موشارەکەی موساهم و موتەبەرعین زۆرن تەشخیسن یەعنی جیهاتی موعەیەنن لێرە ئاماژەیان پێ بکرێتن وەکو ئیلزامێکە و وەکو رێزگرتنیشە.**

**پێنجەم: (التبرعات و..) ئەو کەلیمەی کە پخشان خان گوتی (والافراد) لێرە ئیزافە بکرێتن والمجالس الخیریە ئەوانەش هەیە و مونەزەماتی حقووقی ئینسان هەیە لەو ماددەیە و الجهات الخیریە راستە، یەعنی ماددەی حەوتەم بەو شێوەیە دەبێت:**

**تتکون مالیة الصندوق من:**

**1-منحات الحکومة الاتحادیة المنح و المساعدات المقدمة من الحکومة الاتحادیة .**

2-المنح و المساعدات المقدمة من حكومة كوردستان.

3- المبالغ التي يشترك بها المساهمين و المتبرعين.

4-التبرعات التي تتبرع بها المؤسسات و المنظمات و الشركات و الافراد و الجهات الخيرية و منظمات حقوق الانسان داخل الاقليم وخارجة .

5-اموال الزكاة و الوقف و الوصية.

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە تازەیەیە لەو ماددەیە با دەستی بلندکا، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوول کرا بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی پێنجەم**

**حوکمە گشتییەکان**

**ماددەی هەشتەم:**

1- کارمەندانی دەستەی سندوق دادەمەزرێن و مووچەکانیان بەپێی ئەو ڕێنمایانەی وەزارەت دەریدەکات دیاری دەکرێت.

2- ئەنجومەنی کارگێڕی بۆی هەیە لقەکانی سندوق لە پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الاحكام العامة**

**المادة لثامنة:**

1- يعين العاملون في هيئة الصندوق و تحدد رواتبهم وفق تعليمات تصدرها الوزارة.

2- لمجلس الادارة فتح فروع للصندوق في محافظات الاقليم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی هەشتەم لێژنە پێشنیار دەکا لابردرێت و لە پرۆژەکە هەڵبوەشێتەوە و زنجیرەی ماددەکانی تر بەم شێوەیە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرەی یەکەم زۆر ڕاستە، بەس فەقەرەی دووەم بۆ؟ ئەگەر پێویستی کرد فەتحی فروع بکا؟ فەرموو.

**بەرێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەفروزە فەقەرەی دووەم بمينێت، بەڵام ئێمە لەناو تەشكيلاتی سندوق لە فەسلی سێيەم باسی مجلس ئيدارە نەمانكرديە بەس باسی هەيئەمان كرديە، جا هەر بلێين يەعنی ئەو برگەيە بچێتە ماددەی سێ، بلێين (فتح الفروع في محافظات الاقليم).

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نە وەڵلا بەمن ماددەكە بمينيت عەفووم دەكەی، (للهيئة فتح فروع للصندوق في محافظات الاقليم)، ئەوە ماددەيەكی تايبەت بێت لەبەر ئەوەی ناگەرێينەوە ماددەی دواتر، كاك كريم بەڵێ.

**بەرێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێشتر يعنی باسی ئيختيساسات هەيە ماددەی چوارەم باسی ئيختيساساتی هەيئەيە بۆ نابی ئيزافەی بكەين؟بۆ ناتوانين؟

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چونكە دەنگمان پێ دايە، دوای چ زەرەرەكی نيە ماددەيەكی تايبەت بێت، يەعنی موقتەرەحەكەتان بەشی يەكەمی مەقبوولە بەرای من كە مەعاش و شتی وان ناكری بە قانوون بكرێ، بەشی دووەم ببێتە ماددەكە خۆی، بەڵام لە جياتی مجلس الوزرا ببێتە للهيئە فتح فروع للصندوق.بەڵێ كاك كريم.

**بەرێز كريم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆ وەزارەت بۆی هەيە فروع بكاتەوە، وا فروعی ديكە و فەرعەك بۆ سندوق بكاتەوە زۆر ياساييە وا تەحصيل حاصلە لێرە نەكرێ باشترە.

**بەرێز چنار سعد عبدالله/وەزيری شەهيدان و ئەنفالكراوەكان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێموايە ئەو دەستەيەی كە دامەزراوە سەلاحياتی ئەوەی هەيە لەكاتی پێويست فرع بكاتەوە، بۆيە لێرە ئاماژەشی پێ نەكرێ دەتوانێ لە كاتی پێويست بيكاتەوە، بۆيە ئەوە كە دانيشتين لەگەڵ لێژنەی ياسايی برياردرا ئەو ماددەيە حەزف بێت وە ئێمەش وەكو وەزارەت رازی بووينە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە منيش موقتەرەحی لێژنەی ياسايی بەئيلغا كردنی ئەو مادەيە دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئيلغاكردنی ئەو ماددەيە با دەستی بلند كا،فەرموون، كێ لەگەڵدا نيە؟بەئەكسەريەت. بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی نۆیەم: كار بە هیچ دەقێك ناكرێت پێچەوانەی ئەو قانوونە بێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:لا يتعامل مع اي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەوشێوەیە ماددەی نۆیەم دەبێتە ماددەی هەشتەم و لیژنە پێشنیار دەكات بەم شێوەیە دابرێژرێت : كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بریارێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە وەكو هەموو ماددەكانی قوانینی وایە، كێ لەگەڵیتی دەستی بلندكا تكایە، فەرموون،كێ لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قبوول كرا بۆ ماددەی دواتر تكایە. ئەو هەموو قانوونێك سێ چوار ماددەی ئاخێری رۆتینە، بەڵام بۆیە با نەڵێن تاقەتیان چوو و موناقەشە ناكەن،بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:وەزیر بۆی هەیە رێنمایی تایبەت دەربكات بۆ ئاسانكردن و جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المادة العاشرة: و تصبح المادة التاسعة، للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم كە دەبێتە ماددەی نۆیەم، لیژنە هیچ تێبینیەكی لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیتی دەستی بڵندكا تكایە، فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ قبوول كرا بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائعی کوردستان کار بەم یاسایە دەکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادیة عشرة:و تصبح المادة العاشرة، یعمل بهذا القانون من تاریخ نشره في وقائع کوردستان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەی یاسایی پێشنیاز دەکات ماددەی یازدەم کە دەبێتە ماددەی دەیەم بەم شێوەیە دابڕێژرێ، ماددەی دەیەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وقائع کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست رەئیەکی هەیە لەسەر ئەو وەقائیعە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جاریش ئەو باسەمان کردیە بە رەئی من ئێمە قاعیدەی عام تێك نەدەین، ئەوانەی لە تأریخی نشر و لە تأریخی بلأکردنەوەیە ئیلا ئەگەر یەکێك زۆر بە پەلە بیتن بۆ گورینی ماوەکە زەرەری بگەینیتن بە رەئی من بۆ حەوت رۆژ بۆ دە رۆژ با وای لێنەکەین قاعیدەکە تێك بدەین با نەسەکە وەکو خۆی بمینیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن موقتەرەحەکە هی ئێمە بوو، خۆزگەم ئەگەر وەقائیعی کوردستانی زۆر زوو دەربچی، ئێمە مەمنونین کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەکەی بێ، بەڵام وەقائع ئەوندە تاخیر دەبی ، لەبەر ئەوە لەبەر تاخیر بوون بکرێتە لە رۆژی دەرچوونی ئەگەر وقائع زوو دەربچی ئێمە مەمنونین با لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستان بیتن سەبەبەکەشی هەر ئەوە بوو کە داوامان کردبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەللا دەزانی چی؟ من لەبەر یەك سەبەب پشگیری لە موقتەرەحی کاك فرست دەکەم، ئەویش ئەوەیە با لێرە وا بکەین مولزەم بکەین وقائیعی کوردستان لە کاتی خۆی دەربچی ، با ئەنجومەنی وەزیران موهتەم بیت بەوە کە پەلە بکات وقائیعی کوردستان لەکاتی خۆی دەربچیتن و دوا نەکەویت. کاك شیروان فەرموو.